حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەڵاحەددین – هەولێر

کۆلێژی ئاداب

زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# ڕۆڵی باوک لە خێزانی ئێستادا

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر

پێشکەش بە بەشی ( کۆمەڵناسی) کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کۆمەڵناسی


ئامادەکراوە لەلایەن:

**کالین کامەران صابر**

بەسەرپەرشتی:

**م.ی. روستم صابر مصطفى**


2024–2023

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژێر سەرپرشتیاری من ئامادەکراوە و نوسراوە، نێردراوە بۆ وەگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کۆمەڵناسی، من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەمشێوەیەی ئێستا، پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆکردن بکرێت.

واژوو:

ناو:

ڕێکەوت: / /٢٠٢٤

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراون، هەروەها بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەو نامەیە بۆ گفتوگۆکردن دەنێرم.

**ئەندامی لیژنەی گفتوگۆ** **ئەندامی لیژنەی گفتوگۆ**

واژوو:

ناو:

ڕێکەوت: / /٢٠٢٤

پێشکەشە بە

باوکی خۆشەویستم

# سوپاس و پێزانین

- پێش هەموو شتێ سوپاسگوزاری خوای گەورەم کە بە ئیزن و ویستی ئەو توانیم ئەم کارە ئەنجام بدەم.

- زۆر سوپاسی خێزانەکەم، دەکەم کە بەهەموو شێوەیەک پاڵپشت و هاوکارم بوون لەهەموو ڕوویەکەوە بەتایبەت (باوکی) خۆشەویستم کە مەشخەڵی ڕێگای ژیانمە بێ ئەو من هیچ نیم بەخۆشەویستی و قوربانییەکانی ئەو توانیومە ئەو کارە تەواو بکەم تا دەمرم قەرزاریم.

- سوپاسگوزاری (م.ی. روستم صابر مصطفی) کە ماندوو نەناسانە لەگەڵم بووە هاوکاری زۆری کردووم خوا سەرکەوتووی بکات.

- زۆر سوپاسی براکەم دەکەم (دەوەن کامەران) هەمیشە پاڵپشت و هاوکاریەکی زۆری کردووم.

- سوپاس بۆ هەموو مامۆستایانی بەشی کۆمەڵناسی، کەهەمیشە شتیان لێ فێربووین. بەمەعریفە و زانیارییەکانیان سوودمەندبووین.

# ناوەڕۆک


| ناونیشان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ناونیشان | - |
| پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | ا |
| پێشکەشە بە | ب |
| سوپاس و پێزانین | ج |
| پێشەکی | ١-٢ |
| دەروازەی یەکەم / لایەنی تیۆری توێژینەوەکە | ٣-٢٢ |
| بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان | ٤-٧ |
| باسی یەکەم : ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە | ٤ |
| ١. گرفتی توێژینەوەکە | ٤ |
| ٢. گرنگییەکانی توێژینەوەکە | ٤-٥ |
| ٣. ئامانجەکانی توێژینەوەکە | ٥ |
| باسی دووەم : دیاریکردنی چەمکەکان | ٦ |
| ١. ڕۆڵ : The Role | ٦ |
| ٢. خێزان : Family | ٦-٧ |
| ٣. گۆڕانی کۆمەڵایەتی : Social change | ٧ |
| بەشی دووەم/ئاڕاستەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو | ٨-١٣ |
| باسی یەکەم: ئاڕاستەی تیۆری | ٩ |
| ١- تیۆری ڕۆڵ | ٩ |
| ٢- پرەنسیبە گشتییەکانی تیۆری ڕۆڵ | ٩ |
| ٣- پراکتیزەکردنی تیۆری ڕۆڵ | ١٠ |
| باسی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو | ١١ |
| ١.توێژینەوە کوردییەکان | ١١ |
| ٢.توێژینەوە عەرەبییەکان | ١٢-١٣ |
| بەشی سێیەم/ ڕۆڵی باوک لە خێزانی ئێستادا | ١٤-٢٢ |
| باسی یەکەم: پەرەسەندنی مێژووی خێزان | ١٤-١٦ |
| باسی دووەم: جۆرەکانی خێزان | ١٦-١٨ |

| | |
|---|---|
| باسی سێیەم: ئەرکەکانی خێزان | ١٨-١٩ |
| باسی چوارەم: خێزان وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی | ٢٠ |
| باسی پێنجەم: ڕۆڵی باوک لە خێزان | ٢١-٢٢ |
| دەروازەی دووەم/ لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە | ٢٣-٥١ |
| بەشی چوارەم/ میتۆدی توێژینەوەکە و ڕێو شوێنەکانی مەیدانی | ٢٤-٢٥ |
| بەشی پێنجەم/ خستنەڕوو شیکردنەوەی زانیارییەکان | ٢٦-٤٩ |
| باسی یەکەم: خستنەڕوو زانیارییە گشتییەکانی توێژینەوە | ٢٦-٣١ |
| باسی دووەم: خستنەڕوو زانیارییە تایبەتیەکانی توێژینەوە | ٣١-٤٩ |
| باسی سێیەم: پوختەی ئەنجامەکان و دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە | ٥٠-٥١ |
| یەکەم: دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ٥٠ |
| دووەم: پێشنیارەکانی توێژینەوەکە | ٥١ |
| سێیەم: ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە | ٥١ |
| سەرچاوەکان | ٥٢-٥٤ |
| پاشکۆکان | ٥٥-٥٨ |

**پێشەکی:**

خێزان کۆڵەگەی کۆمەڵگایە، چونکە لەو کاتەی تاک دێتە دونیاوە تا کۆتایی ژیانی لەناو خێزاندا دەژیت، خێزان یەکەم ژینگەی سەرەکیە لەکۆمەڵە تاکێک پێکهاتووە و لەنێوانیاندا پەیوەندی هاوسەری و، بەرژەوەندی هاوبەش و خزمایەتی هەیە، هەروەها گرنگترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتییە لە پێگەیاندنی تاک، بۆیە ڕۆڵێکی کاریگەر لەڕەفتار و ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکان دەبینێت. سەرپەرشتی کردنی خێزان ئەرکێکی قورس و گرانە، بەشێوەیەکی ئاسایی ئەم ئەرکە لەلایەن هەریەک لە هاوسەران (دایک و باوک) لەئەستۆ دەگیرێت، بەمەش باوک بەشێک لەم ئەرک و بەرپرسیارێتییە هەڵدەگرێت و دایکیش بەشێکی تری، هەر بۆیە هەریەکیان دەتوانن زاڵبن بەسەر ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییەدا. بەڵام لە هەندێک بارودۆخدا ئەم ئەرکە قورسە بەتەنها دەکەوێتە سەر شانی باوک. ڕۆڵ و پێگەی باوک لەناو خێزاندا دەگۆڕێت و باوک لەبەرامبەر ئەو گۆڕانە نوێیانەدا دەستە وەستان ناوەستێت و بەبیر و هەگبەی نوێ، خۆی لەبەردەم شەپۆلی ئەم گۆڕانکاریانەی کۆمەڵگا ڕادەگرێت و دواتر خۆی دەگونجێنێت و تا دەگاتە ئەو ئاستەی بتوانێت بەشێوازێکی تەندروست پێشوازی لە گۆڕانکاریە نوێیەکان بکات.

توێژینەوەی ئێمەش کەتایبەتە بە (ڕۆڵی باوک لەخێزانی ئێستادا) ئەرکێکی گرنگ و قورسمان دەکەوێتە سەرشان بۆ ئەوەی بتوانین بەبیرێکی هاوسەنگ و دادوەرانە ڕۆڵ و پێەگەی باوک لەو مەیدانەدا باس بکەین و ڕاستی و ڕۆڵی باوک بەدیار بخەین، سەردەمی نوێ کەسەردەمی تەنکنەلۆژیا و کورتکردنەوەی دوری نێوان کیشوەر و وڵاتەکانە، کێشەو گیر و گرفتی نوێ ڕووبەرووی کۆمەڵگا دەبنەوە، بارگرانی و ئەو کێشە و کۆسپانە دەکەونە ئەستۆی باوک ئەمەش وادەکات ئەزموون و شارەزایی پیاو زۆر دەبێت و دەیکاتە باوک و هاوڕێیەکی بەسۆزی منداڵەکانی بەردەوام ئەوە دەخوازێت کەمنداڵەکانی کەسانێکی سەرکەوتوویان لێ دەربچێت. لەم پرۆسەیەشدا باوکانی نەخوێندەوار پشکی شێریان بەردەکەوێت لە دروستبوونی کۆسپ و تەگەرە لەبەردەمیان بۆ مامەڵەکردن لە بەرامبەر ئەو گۆڕانە نوێیانەی کە جیهانی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، بەبیرێکی سادەی کوردەواریانە و ڕوخسارێکی مۆدێرنانە هەوڵدەدەن منداڵەکانیان پەروەردە بکەن.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو دەروازە پێکهاتووە، دەروازەی یەکەم کە لایەنی تیۆرییە پێکدێت لە بەشی یەکەم؛ کە گرفت، گرنگی، ئامانج و چەمکەکانی توێژینەوە لەخۆدەگرێت، بەشی دووەم بریتییە لە ئاڕاستەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو، بەشی سێیەمیش کە ناوەڕۆکی بابەتەکەیە بریتییە لە بەشی سێیەم/ ڕۆڵی باوک لە خێزانی ئێستادا، ئەمەش پێکهاتووە لە (پەرەسەندنی مێژووی خێزان، جۆرەکانی خێزان، ئەرکەکانی خێزان، خێزان وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی باوک لە

خێزان). دەروازەی دووەمی ئەم توێژینەوەیە کە لایەنی تیۆرییە پێهاتووە لە بەشی چوارەمیش پێکدێت لە میتۆدی توێژینەوەکە و ڕێوشوێنەکانی مەیدانی، بەشی پێنجەم؛ خستنەڕوو شیکردنەوەی زانیارییەکان، کە ئەمانە لەخۆدەگرێت؛ باسی یەکەم: خستنەڕوو زانیارییە گشتییەکانی توێژینەوە، باسی دووەم: خستنەڕوو زانیارییە تایبەتیەکانی توێژینەوە و باسی سێیەم: پوختەی ئەنجامەکان و دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە. لە کۆتاییشدا سەرچاوەکان و پاشکۆ خراوەتەڕوو.

بەو هیوایەی توانیبێتم لەم توێژینەوەیەدا ڕەچاوی بنەما بابەتی و زانستییەکان بکەم.

# دەروازەی یەکەم/ لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

## بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان

### باسی یەکەم : ڕەهەندە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

**١. گرفتی توێژینەوەکە**

**٢. گرنگیەکانی توێژینەوەکە**

**٣. ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

### باسی دووەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە

**١. ڕۆڵ:** (The Role)

**٢. خێزان:** (Family)

**٣. گۆڕانی کۆمەڵایەتی:** (Social change)

## بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان:

لەم بەشەدا کە بەڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان ناسراوە لە دوو باس پێکهاتووە لە باسی یەکەمدا واتە ڕەهەندەکانی توێژینەوە، باس لە گرفت و گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە دەکرێت. باسی دووەم دیاریکردنی چەمکەکان و ئەو چەمکانە دەگرێتەوە کە ناونیشانی توێژینەوەکە پێکدەهێت.

### باسی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە:

### ١- گرفتی توێژینەوەکە:

دیاریکردنی گرفتی هەر توێژینەوەیەک دەستپێک و خاڵی سەرەکی توێژینەوەی کۆمەڵایەتییە، ئەو گرفتانەی کە ئێستا ڕووبەڕووی خێزانی کوردی بۆتەوە بەهۆی ئەو هەموو پێشکەوتن و گۆڕنکاریە خێراییەی کە لەبواری ئینتەرنێت و سۆشیاڵ میدیا بە گشتی، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی. کە کاریگەری گەورەی لەسەر هزر و بیرکردنەوەی تاکەکانی خێزان هەبووە لەم سەردەمەدا خێزانی بچووک و ناوەکی باوە، چونکە زۆربەی دایکان و باوکەکان لە دەرەوەی ماڵ دا کار دەکەن بەم شێوەیە کێشەی پەروەردەکردن سەر هەڵدەدات لەم خێزانەدا ڕۆڵی باوک گۆڕانکاری بەسەر دادێت.

### لێرەدا دەتوانین گرفتی ئەم توێژینەوەیەش لەمیانەی چەند پرسیارێک بخەینەڕوو:

١-ئایا باوک ڕۆڵی لە چاودێری و بەرپرسیارێتی نەوەکانیدا هەیە؟

٢-ئایا دەسەڵاتی دایک کاریگەری لەسەر ڕۆڵی باوک هەیە؟

٣-ئایا شێوازی پەروەردەکردن لەسەر ڕێبازی مۆدێرنە ؟

٤-ئایا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر ڕۆڵی باوک هەیە ؟

### ٢- گرنگییەکانی توێژینەوەکە:

هەر توێژینەوەیەکی زانستی گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، باوک ڕۆڵێکی گرنگ دەنوێنێت لە نێو خێزاندا، ڕۆڵی باوک کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر تاکەکانی خێزان دەبێت، لە هەندێک خێزاندا ڕۆڵەکە دەگۆڕێت یاخود پێچەوانە دەبێتەوە ئەمەش بە زانین و سوودوەرگرتن لەو سەرچاوە زانستییانەی پشتییان پێ دەبەستین یاخود لە ڕێگای ئەو پرسیارانەی کە ئاڕاستەی نموونەی

توێژینەوەکە دەکرێت، واتە لەڕێگای ئەو زانیارییانەی بەدەست هاتووە ڕۆلی باوک لە خێزانی ئێستادا دەخەینەڕوو:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە دوو لایەنەوەیە (لایەنی تیۆری) و (لایەنی مەیدانی):

١- **لایەنی تیۆری:** لەڕووی تیۆریەوە توێژینەوەی زانستی دەبێتە هۆی زیادبوون و کەڵەکەبوونی مەعریفەی زانستی،کەدواجار ڕەنگە ببێتە هۆی هۆکارێک بۆ داڕشتنی پێشنیار و گریمانەی زانستی لەم بوارەدا، ئەمەش بە سوودوەرگرتن یان پشت بەستن بەو سەرچاوانەی کە ئاماژەیان یاخوود گرنگییان بە لایەنێک لە لایەنەکانی ئەم بابەتە داوە، لێرەدا گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە کە توێژینەوەیەکی زانستییە سەبارەت بە جەخت کردنە سەر ڕۆڵی باوک لە خێزانی ئێستادا.

٢- **لایەنی مەیدانی:** گرنگی ئەم لایەنە دەگەڕێتەوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە کراوە لەڕێگای شیکردنەوەیەکی بابەتییانە بۆ ئەو زانیاریانەی بەدەست هاتوون، ئەمەش تەواوکەری لایەنی تیۆری توێژینەوەکەیە، ئەمانە ڕێگە خۆشکەرن بۆ ئاشنابوون و زانینی ڕۆڵی باوک لە خێزانی ئێستادا. دواتر خستنەڕووی زانیارییەکان شیکردنەوەیان لەگەڵ تیشک خستنەسەر پێشنیار و ڕاسپاردەکان و دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە وەکو میکانیزمێکی گونجاو بەکابهێنرێت بۆ بەرنامەکاری دامازراوە پەیوەندیدارەکان.

## ٣- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە، کە توێژەر لە میانەی توێژینەوەکەی دا هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات. ئەویش لە ناوەڕۆک و ڕوخسار و لایەنی میتۆدی توێژینەوەدا دەردەکەوێ ئەم توێژەنەوەیەش کۆمەڵێک ئامانجی هەیە کە دەیەوێت لە ڕێگایەوە خوێندنەوەیەکی واقعیانە بۆ بابەتی توێژینەوەکە بکات ؛ کە لەم خاڵانە دیانخەینەڕوو ؛

١-زانینی ڕۆڵی باوک لە چاودێری و بەرپرسیارێتی لەسەر نەوەکانیدا.

٢-تیشک خستنەسەر دەسەڵاتی دایک و کاریگەری لەسەر ڕۆڵی باوک.

٣-خستنەڕووی شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ لەسەر ڕێبازی مۆدێرن.

٤-زانینی کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایتییەکان پەیوەندی بەڕۆڵی باوک.

## باسی دووەم / دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە

یەکێک لە گرنگترین هەنگاوەکانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی، دەست نیشانکردنی چەمکەکانە، کەوا لە توێژەر دەکات هەر لە دەستپێکی کارەکەیدا هەوڵبدات بۆ دیاریکردنی ئەو چەمکانەی دەکەوێتە نێو چواچێوەی بابەتەکەی. گرنگی و بایەخی چەمک لە دوو لاوە خۆی دەنوێنێ، لەلایەک گرینگە بۆ زاناکان، چونکە زمانێکی هاوبەش لە نێوان پسپۆڕانی هەر زانستێک بەرهەمدەهێنێت و دەبێتەهۆی دروستبوونی پەیوەندی لەنێوانیاندا، لەلایەکی دیکەوە یارمەتی خوێنەر دەدات بابەتەکەی لەلا ڕوونتر بێت و ئارەزووی بۆ خوێندنەوەی بابەتەکە زیاتربێت. ئەم توێژینەوەیەش سێ چەمکی لە خۆی گرتووە، بریتین لەمانەی خوارەوە:

### ١- ڕۆڵ (The Role)

**ڕۆڵ،** کۆمەڵە کردارێکە تاک پێی هەڵدەستێ بۆ دڵنیابوونی داگیرکردنی پێگەیەک یان پلەوپایەیەک. (عبدالهادی،٢٠٠٢،ص:٩٨). هەروەها **ڕۆڵ** بریتییە لەو ناوەندەی یان ئەو پایەیەی کە تاک وەریدەگرێت یان بەدەستی دێنێت، کە ئەرک و مافە کۆمەڵایەتییەکانی دیاری دەکات و تاکێک بەتەنها لە کۆمەڵگا لە یەک کاتدا کۆمەڵێک ڕۆڵ دەگێڕێت (الحسن،١٩٩٩،ص:١٩٤).

**(ڕالف براون)** دەڵێت **ڕۆڵ** وشەیەکە لە خێزان وەرگیراوە پەیوەستە بەو تاکەی کە بەو ڕۆڵە هەڵدەستێت، ڕۆڵ (سیناریۆیەکە) گوزارشت لە کارەکانمان دەکات و هەندێک جار لە کاتی قسەکانمان دا بە دیار دەکەوێ (حمزة،١٩٨٢،ص:١٩٥).

**بەگوزارشتێکی تر ڕۆڵ،** بریتییە لە سەرجەم ئەو ئاڕاستە و بەهاو ڕەفتارانەی کۆمەڵگا ئارەزووی دەکات بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی لە پێگەیەکی دیاریکراو دا کار دەکەن. (العمر،٢٠٠٠،ص:٣٦٣).

**پێناسەی کارایی توێژەر بۆ چەمکی (ڕۆڵ)،** ڕۆڵ بریتییە لەو ڕەفتار و چالاکییانەی کە تاک لەنێو گروپێکدا بەدەستی دێنێت وە پەیوەستە بە کۆمەڵێک ڕۆڵی دیاریکراو کە گونجاوە لەگەڵ بنەمای ڕەفتاری پەسندکراو وەک، ڕۆڵی (باوک، مامۆستا، قوتابی، سەرۆک).

### ٢-خێزان (The Family)

**خێزان** بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتییە و شانۆی کارلێک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، تیایدا تاکە کەس لەدایک دەبێ و گەشە دەکات و پێ دەگات و دەبێتە ئەندامێکی سەربەخۆی پشت بەخۆبەستوو، بەهۆی خێزانەوە تاکە کەس ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان لەناو دەرەوەی خێزان وەردەگرێت و فێریان

دەبێت و، بەهۆیەوە ڕۆڵ و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا بۆ دەست نیشان دەکرێت (القصیر و احمد،٢٠٠٢،ل:١١)

**(ماکیڤەر R.M.Maciver)** پێیوایە خێزان بریتییە لە یەکەیەکی بنیادی، لە ژن و مێرد و منداڵەکان پێکهاتووە، پەیوەندیەکی ڕوحی لە نێوانیان هەیە، بوونی دەوەستێتە سەر پاڵنەرە غەریزییەکان و ئاڵوگۆڕکردنی بەرژەوەندییەکان و هەستی هاوبەش کە گونجاوە لەگەڵ تاکەکانی. (الحسن و الاحمد،٢٠٠٥،ل:١٧٨)

کۆمەڵناسی فەرەنسی **(ئەمیل دۆرکهایم Emile. Durkheim)** باوەڕی وابوو، خێزان هەر ئەو کۆبونەوە سروشتییەی نێوان دایک و باوک و منداڵەکان نییە، بەڵکو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە لەبەر چەند هۆکارێکی کۆمەڵایەتی دروست بووە، ئەندامەکانی بەهۆی ئەو مافانەی هەیانە لەناو خێزانەکە یەکیانگرتووە (القصیر،١٩٩٩،ل:٣٣-٣٤)

**پێناسەی کارایی توێژەر بۆ چەمکی (خێزان):** خێزان بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتییە لە دایک و باوک و منداڵ پێکدێت لە یەک ماڵدا نیشتەجێن و پەیوەندییەکی هاوبەش و خوێنی پێکەوەیان دەبەستێتەوە.

## ٣-گۆڕانی کۆمەڵایەتی (social change)

گۆڕان واتە جیاوازی لە نێوان دۆخی ئێستا و دۆخی کۆندا، یان جیاوازی شتێک لە ماوەیەکی کاتی دیاریکراودا کەواتە گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەو وەچەرخانەیە لەماوەیەکی کاتی دیاریکراودا، لەنێو بونیادی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە ئەرکەکان و بەهاو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان ڕوودەدات دەشێت ئەم گۆڕانە ئەرێنی بێت واتە پێشکەوتن یاخود دەشێت نەرێنی بێت واتە دواکەوتن بێت (الدقس،١٩٨٧،ل:١٥-١٩)

**(ماکس ڤیبەر)** هۆکاری گۆڕانی کۆمەڵایەتی گەڕاندۆتەوە بۆ فاکتەری ئایینی، بەشێوەیەک ئایینی بە بزوێنەری بنەڕەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم داوە هەندێ لە زانایانی دیکە جەختیان کردۆتە سەر هۆکاری هەمەجۆر لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی دا هەریەک لە **(ئۆکبێرن و سۆرۆکین)** نوێنەرایەتی ئەم ئاراستەیە دەکەن. جەختیان کردۆتە سەر فاکتەری ماددی و نامادیی، بەڵام هاوڕانین لەسەر خێرایی یەکێک لەم هۆکارانە بەسەر هۆکاریکی دیکەدا (الزیباری،٢٠٠٦،ل:٤٧)

**پێناسەی کارایی توێژەر بۆ چەمکی (گۆڕانی کۆمەڵایەتی):** گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەموو ئەو گۆڕانانەیە لە پێکهاتەو و بنیادی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، کلتوور و داب و نەریت کۆی بوارەکانی ژیان دەکات. لە ئەنجامدا بۆتە هۆی گواستنەوەی کۆمەڵگەی کوردستانی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، خێزانیش وەک یەکەیەکی بچووکی کۆمەڵگا گۆڕانی بەسەر داهاتووە بۆتە هۆی گۆڕینی ڕۆڵی باوک.

## بەشی دووەم/ ئاڕاستەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

### باسی یەکەم/ ئاڕاستەی تیۆری

١.تیۆری ڕۆڵ

٢. پرەنسیبە گشتییەکانی تیۆری ڕۆڵ

٣.پڕاکتیزەکردنی تیۆری ڕۆڵ

### باسی دووەم/ توێژینەوەکانی پێشوو

١.توێژینەوە کوردیەکان

٢.توێژینەوە عەرەبییەکان

## باسی یەکەم/ ئاڕاستەی تیۆری

### ١- تیۆری ڕۆڵ

ئەم تیۆرە لەسەرەتای سەدەم بیستەم سەریهەڵداوە بە یەکێک لە تیۆرە مۆدێرنەکانی کۆمەڵناسی دادەنرێت. باوەڕی وایە ڕەفتاری تاک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پشت بەو ڕۆڵە، یاخود ڕۆلە کۆمەڵایەتییانە دەبەستن کە لە کۆمەڵگادا دەیگێڕێت، جگە لەوەی پێگەو شوێنی کۆمەڵایەتی تاکەکانی پشت بە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی دەبەستێت، چونکە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی لە خۆگری ئەرک و مافە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەو ڕۆڵەی تاک دەیگێڕێت ئەرکەکانی دیاری دەکات، هەرچی مافەکانیەتی ئەوا ئەو ئەرک و کارانە دیاریی دەکەن کە لەکۆمەڵگادا ئەنجامی دەدات. تاک تەنها یەک ڕۆڵی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو چەندین ڕۆڵی لەناو دامەزراوە جیاوازەکاندا هەیە ئەنجامیان دەدات، ڕۆڵەکانی لەناو یەک دامەزراوەشدا یەکسان نین، بەڵکو جیاوازە، هەندێکیان ڕۆڵی سەرکردایەتییە، هەندێک ڕۆڵی هەیە نێوەندییە، هەندێک ڕۆڵی تری هەیە بنچینەییە. (الحسن،٢٠١٥،ص:١٥٩)

(ماکس فیبەر) بۆ تیۆری ڕۆڵ پێشبینیکردنی کردووە بەهۆی زانینی ڕۆڵی تاک، بۆنمونە دەکرێت نەخۆش پێشبینی ڕۆڵی پزیشک بکات لە میانەی زانینی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی، هەروەها پزیشکیش دەتوانێت پێشبینی ڕەفتاری نەخۆش بکات لەمیانەی ناسینی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی. هەروەها منداڵ دەتوانێت پێشبینی ڕەفتاری باوکی بکات بەهۆی زانینی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی باوکی، باوکیش دەتوانێت پێشبینی ڕەفتاری منداڵەکەی بکات بەهۆی ناسینی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی منداڵەکەی، بەمشێوەیە دەتوانین پێشبینی ڕەفتاری تاکەکان بکەین بەهۆی زانینی ڕۆڵا کۆمەڵایەتییەکانیەوە. بەمانایەکی تر زانینی ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەی کە تاک دەیگێڕێت یارمەتی دەر دەبێت لە پێشبینیکردنی ڕەفتاری ڕۆژانەو وردەکارییەکانی. (parsons and shils,1982,P:19)

### ٢-پرەنسیبە گشتییەکانی تیۆری ڕۆڵ

ڕۆڵی کۆمەڵایەتی لەخۆگری کۆمەڵێک ئەرک و مافن کە تاک ئەنجامیان دەدات بە پێی توانا و شایستەیی و شارەزایی و ئەزموون و متمانەی کۆمەڵگا و توانست و کەسایەتییەکەی، دوای ئەنجامدانی ئەرکەکانی ئەوا تاک کۆمەڵێک مافی ماددی و مەعنەوی وەردەگرێت، ئەو ڕۆڵەی کە تاک دەیگێڕێت ڕەفتاری ڕۆژانەی دیاری دەکات، هەر ئەویشە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی تر لە هەردوو ئاستی فەرمی و نا فەرمی دیاری دەکات، هەرتاکێک لە کۆمەڵگادا، چەندین ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەرکگەرایی هەیە لە یەک کاتدا، نەک تەنها ڕۆڵێک. ئەوڕۆڵانەش پێگە کۆمەڵایەتییەکەی دیاری دەکەن، لەڕێگەی ڕۆڵەوە تاک پەیوەندی دەکات بە کۆمەڵگاو کۆمەڵگاش بە تاکەوە. دەکرێت پەیوەندییەکی نێوانیان فەرمی و یاخود نا فەرمی بێت.(حەسەن،٢٠١٢،ل:٢٠٤)

## ٣-پراكتیزەكردنی تیۆری ڕۆڵ

پراكتیزەكردنی تیۆری ڕۆڵ بەسەر یەكانگیری خێزانی لە كۆمەڵگای عێراقی لە پەنجاكانی سەدەی بیستەم دا:

خێزان لە چەندی ڕۆڵی سەركردایەتی و سەرۆكایەتی و ژێردەستی، یاخود بنەمایی پێكهاتبوو. ڕۆڵە سەركردایەتییەكان بریتیین لە ڕۆڵی باوك و باپیرە و دایك و داپیرە، بەڵام ڕۆڵە بنەماییەكان بریتیین لە ڕۆڵەكانی منداڵەكان، كوڕەكان و كچەكان. بۆ زانین، ڕۆڵە بنەماییەكان بە شێوەیەكی ڕەها ملكەچی ڕۆڵە سەركردایەتییەكانن، تەواوكاریەك هەیە لە نێوان ڕۆڵە سەركردایەتییەكان و ڕۆڵە بنەماییەكان، هەر ڕۆڵێك ڕۆڵی ئەوی تر تەواو دەكات. ئەو جۆرە تەواوكاریە لە ڕۆڵەكانی خێزان دیاردەی یەكانگیری خێزانی لە كۆمەڵگای عێراقی پەنجاكانی سەدەی بیستەم دا ڕاڤەدەكات.

خێزان بە یەكانگیری و یەكێتی و هاوبەندی دەناسرایەوە. هەرچی خێزانی ئێستایە ئەوا نا یەكانگیرە و یەكگرتوو نییە، چونكە ململانێیەك هەیە لە نێوان ئەو ڕۆڵە جیاوازانەی كە تاك دەیگێڕێت. تاك یەك ڕۆڵ، یاخود دوو ڕۆڵی نییە، بەڵكو چەندین ڕۆڵی هەیە لە یەك كاتدا. گێڕانی ئەو ڕۆڵانەش لە یەك كاتدا وای لێ دەكات دژ پێك بێت، بۆیە خێزان یەكانگیر و یەكگرتوو نابێت وەك ئەوەی جاران هەبوو. ڕۆڵی باوك لە خێزان و ڕۆڵی سەرپەرشتیاری كاری هەیە لە كارگە و ڕۆڵی ئەندامی هەیە لە حیزب و ڕۆڵی ئەندامێتی هەیە، یاخوود كۆمەڵایەتی و ڕۆڵی پشكداری هەیە لە كۆمپانیا. گێڕانی ئەو ڕۆڵانەش وای لێ دەكات كاتێكی كەم بۆ خێزانەكەی تەرخان بكات و كاتێكی درێژ لە دەرەوەی خێزان بەسەر ببات، ئەمەش خێزان دووچاری حاڵەتی لاوازی و پەراوێز خستن دەكات. بەمەش خێزانەكە نا سەقامگیر دەبێت.(حەسەن ، ٢٠١٢,ل:٢٠٤-٢٠٥)

## باسی دووەم : توێژینەوەکانی پێشوو

توێژینەوەکانی پێشوو، گوزارشتێکە کە پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو دەکات ؛ کە پەیوەستن بەبابەتەکەیان هەندێ لایەنی بابەتەکە، هەروەها ڕونکردنەوەی بوارە جیاوازەکان و لێکچووەکان لەنێوان توێژینەوەی خۆی و توێژینەوەکانی پێش خۆی.(العزاوي،٢٠٠٨،ص: ٤٦)، بەمەبەستی شارەزابوون و سوودوەرگرتن و دەوڵەمەندکردنی پرۆژەی توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی، لەوەش زیاتر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە بە جۆرێک کە چارەسەری پەسند و داهێنەرانەی کێشەیەک لە کێشەکانی بواری پسپۆڕی توێژەربکات. (بۆکانی، ٢٠١٦،ل: ٥٦) بۆ ئەم مەبەستەش چەند توێژینەوەیەکی پێشوو دەخەینەڕوو بە پێی جێگەی ئەنجامدانیان، توێژینەوە ناوخۆییەکان کەمەبستمان لێی عێراق و هەرێمی کوردستانە هەروەها توێژینەوە عەرەبیەکان و بیانییەکان.

## باسی دووەم/ توێژینەوەکانی پێشوو

### یەکەم:توێژینەوە کوردییەکان:

توێژینەوەی (زەریا احمد طاهر) بە ناونیشانی (بونیاد و ئەرکی خێزان لە کۆمەڵگای کوردستانیدا) توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر لە ساڵی (٢٠١٩) ئەنجام دراوە.

ئامانجی توێژینەوەکەی خۆی دەبینێتەوە لە: پێوانەکردنی ڕای ئەندامانی خێزان بۆ ڕۆڵ و بونیاد و ئەرکی ئەندامان (دایک،باوک،منداڵ). دەستنیشانکردنی گرنگترین تایبەتمەندییەکانی خێزانی کوردستانی لە ئێستادا. دەرخستنی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر بونیادو ئەرکەکانی خێزانی کوردستانیدا هاتوون.

میتۆدەکانی توێژینەوەکەی بریتییە لە: وەسفی، شیکاری، بەراوردکاری بەکارهێناوە. کۆمەڵگای توێژینەوەکە:(شاری هەولێر). قەبارەی نموونەکە(٤٠٠) خێزان وەرگیراوە. جۆری نموونەکە: نموونەی هەڕەمەکی،هێشوویی،فرە قۆناغ. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری:پرسیارنامە،ڕاستی و جێگیری. ئامرازە ئامارییەکان:هەگبەی ئاماری زانستە کۆمەڵایەتییەکان(s.p.s.s)لەلایەنی مەیدانی توێژینەوەکە بەکارهاتووە،(ڕێژەی سەدی،T.test،ئەنۆڤاF،ناوەندی ژمێری،لادانی پێوەری).

لەکۆتاییدا توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە: بارودۆخی ژیانی ئێستاش وەک جاران نییە زەحمەتە خێزانەکان بتوانن ژمارەیەکی زۆری منداڵ دروست بکەن بەهۆی زۆری پێداویستی و پەروەردە لە ئێستادا.ئامرازەکانی تەکنەلۆژیا کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر تەواوی ئەدامانی خێزان داناوە لە پەیوەندییان،ئەرکەکانیان،پەروەردەیان.

## دووەم: توێژینەوە عەرەبییەکان

ا- توێژینەوەی (عبدالله اسماعیل حمد)بەناونیشانی (دور المؤسسات التربوية في بناء شخصية الطفل) توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری هەولێر لەساڵی (٢٠٠٢) ئەنجام دراوە.

ئامانجی توێژینەوەکەی پێکدێت لە: دیاریکردنی جۆری پەروەردە لە کۆمەڵگادا چییە نەریتی یە یان مۆدێرنە.دەستنیشانکردنی واقیعی پەروەردەکردنی منداڵ لە تەمەنی منداڵیدا،دەستنیشانکردنی ئەو کێشانەی کە دامەزراوە پەروەردەییەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن و کە دەبنە هۆی نەبوونی سەرکەوتن لە ئەرکە پەروەردەییەکان.

میتۆدیی توێژینەوەکە بریتییە لە:بەراوردکاری ڕووپێوی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای توێژینەوەکە:بریتییە لەو دەزگایانەی کە لەشاری هەولێر دا هەن:خێزان،قوتابخانە،داینگە.قەبارەی نموونەکە (٢٠٠) یەکە ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری: فۆڕمی ڕاپرسی،چاوپێکەوتن،سەرنج و تێبینی. ئامرازە ئامارییەکان ڕێژەی سەدیی، ناوەندە ژمارە،ناوەند،لادانی پێوەری،$q\text{-}squar^2$.

لەکۆتاییدا توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە: بە ڕێژەی ٨١.٥٧٪ کە باوکەکان پێیان وابوو کە لێدان باشترین ڕێگایی پەروەردەکردنە.ڕێژەی ٨٥.٥١٪ باوکەکان پێیان وابوو پێویستە هەڵسوکەوت و پەروەردە لەگەڵ منداڵ وەک گەورەیەک بکرێت. ڕێژەی ٩٥.٠٥٪ لە باوکەکان پێیانوایە خێزان باشترین دەزگای پەروەردەکردنی منداڵە.ڕێژەی ٨٩.٤٦٪ لە باوکەکان پێیانوایە کە باوک ڕابەروپێشەنگی خێزان و منداڵەکانە.ڕێژەی ٥٢.٢٨٪ لە باوکەکان پێیانوایە کە پێویستە منداڵەکان بەشێوەیەکی کوێرانە ملکەچی باوکەکان بن.

ب- توێژینەوەی (ریم عبدالوهاب) بەناونیشانی (الوهن الأسري والعوامل المؤثرة فيه) توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری موسڵ لە ساڵی (٢٠٢٠) ئەنجام دراوە.

ئامانجی توێژینەوەکە پێکدێت لە: ناساندنی کاریگەری ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی کە پەیوەندییەکانی ڕاگەیاندنی نوێ دروستی دەکەن لەسەر خێزان. دۆزینەوەی گرنگترین ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەی سەر خێزان و پێکهاتە وەزیفییەکەی بەشێوەیەکی گشتی و خێزانی موسڵ بەشێوەیەکی تایبەت. ناساندنی کاریگەری جۆری پەیوەندی نێوان ژن و مێرد لەسەر منداڵەکان و یەکگرتویی خێزان. تیشک خستنە سەر گرنگترین هۆکارەکانی کە دەبنە سستی لاوازکردنی خێزان و دانانی چارەسەر بۆی.

میتۆدی توێژینەوەکە بریتییە لە: میتۆدی وەسفی و شیکاری و ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کۆمەڵایەتییەکان بەڕێگای نموونە وەرگرتنی نموونە لە کۆمەڵگەی لێ توێژراو کە نموونەی هەڕەمەکی بە (١٠٠) خێزان لە شاری موسڵ وەرگیراوە لە شوێنی جیا جیا.

ئامانجەکانی توێژینەوەکە پێکدێت لە: توێژینەوەکە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ٦٦٪ لە خێزانە شارستانییەکان زیاتر لاوزی و دابڕان ڕوودەدات وەک لە خێزانە گوندنشینەکان کە زیاتر یەکگرتووی هەیە لە نێوانیان تایبەت بە داب و نەریت، هەرچی خێزانە شارستانییەکانە زیاتر توشی لادانی کۆمەڵایەتی دەبێت دەکەونە بەر کاریگەری زیاتری گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا. توێژینەوەکە دەردەخات کە ٨٥٪ گۆڕانکاری لە بەهای نێو خێزانەکان وای کرد ئەو دابڕان و سستیە ڕووبدات لەکاتێکدا گۆڕانکاری لە ئەرکی دایک و باوک بەرامبەر منداڵەکانیان دروست بووە جۆرێک لە قسەکردن نەماوە لە نێوانیان و دۆڕانی خێزان لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. شەڕەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لە سستی و لاوازی خێزانەکان بەڕێژەی ٨٠٪ دێت بەهۆی کۆچکردن و مردنی یەکێکیان لە ژن و مێرد یان ئەندامانی خێزان کە دواجار تێکچوونی ماڵەکەی لێ دەکەوێتەوە. توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات کە ٩٠٪ لێتوێژراوان دەڵێن کە ڕۆڵی ڕاگەیاندن و گەشەکردنی نوێبوونەوەی تەکنەلۆژیا هۆکارێکی بنەڕەتی و سەرەکییە بۆ تێکچوونی خێزان.

## بەشی سێیەم: ڕۆڵی باوک لە خێزاندا

## باسی یەکەم: پەرەسەندنی مێژووی خێزان

لە سەرەتاکانی مێژووی مرۆڤایەتی کە هێشتا خێزان بەشێوەی نەریتییەکەی ئێستای لە ئارادا نەبوو، هەروەها کار هێشتا پێناسەیەکی ئابووری بەخۆیەوە نەدی بوو،ژن بەرهەمهێنەرێکی سروشتی بوو،دەستکەوتەکانی چ لەڕووی بایۆلۆژیەوە کەنەوەی مرۆڤی لێوە بەرهەم دەهات و هێشتا ڕۆڵی باوکیش لەم پرۆسەیەدا نەناسراو بوو چ لە ڕووی فیزیکیەوە کە ڕنینەوە و چرینەوەی بەری دارەکان ئەرکی ڕۆژانەی ئەو بوو،بەرهەکەشی بۆ خۆی و منداڵەکانی ئەندامانی گروپەکەی بوو بەبێ جیاوازی (قەرەداغی،٢٠١٢،ل:٨) شکڵ و شێوەی خێزان بەدرێژایی مێژوو بەردەوام لە گۆڕان دا بووە.هەروەک گوتراوە،کۆنترین شێوازەکەی خێزان بەشێوەی کلان بووە کە بەپێچەوانەی خێزانی ئەمڕۆیی هاوبەشێتیی لە خوێندا تاکەکانی بەیەکەوە نەدەبەستەوە.لەدونیای ئەمڕۆدا خێزان لەسەر بنەمای هاوسەرگیری پێکدێت کە بەدیهێنەری پەیوەندی هاوخوێنی واقیعییە.کلان سەرەنجام لە نیشتیمانێکی دیاریکراو جێگیر دەبێ و بەمشێوەیە یەکەمین ئاوایی دروست دەبێت بەدوای ئەویشدا تایبەتمەندی تۆتەمی بەرەو لاوازی دەچێت و پەیوەندییەکانی تاکەکان لەسەر بنەمای لێک نزیکایەتی شوێنی دادەڕێژرێ.کلان لەسەرەخۆ لێک بڵاودەبێ و خێزان لەسەر بنەمای هاوخوێنی پەیدا دەبێ. لەم قۆناغەدا هێشتا خێزان بەشکلی بەربڵاوە و ئەرکگەلی جۆراوجۆری لەباری ئابوریی،سیاسی،یاسایی ئاینی لەسەر شانە.هەروەها بنەمای خێزان لەسەر ڕەسەنایەتی باوک بووە کەبەباڵادەستی تەواو بەسەر ژیانی ژنان و مناڵانی خۆیی و حاکمی خێزان بوو. لەنێو زۆربەی هۆزەکاندا، سیستەمی باوکسالاری باو بووە. لەهەندێک کۆمەڵەکاندا خێزان بەشێوەی هەبوونی پەیوەندی خزمایەتی لە خێزاندا لە ڕێگەی دایکەوە بووە کەدایک ڕەچەڵەکی خۆی بۆ منداڵەکان دەگواستەوە. لەهەندێکی دیکە باوک ڕەچەڵەکی بوونی هەبووە کەڕەچەڵەک لە ڕێگەی باوکەوە بۆ منداڵەکان دەگوازرایەوە (سوقی و خولَق،٢٠١٣،ل:١٩٢-١٩٣)

بۆئەوەی تێگەشتنمان بۆ خێزان لە کۆمەڵی هاوچەرخ دا تەواو بێ کەموکورتی بێت،پێویستە ئاماژەیەک بۆ قۆناغ و پەرەسەندنەکانی مێژووی خێزان بکەین لە کۆمەڵ دێرینەکاندا،لێرەدا بەکورتی تیشک دەخەینە سەر ڕەوشی خێزان لە کۆمەڵگای یۆنانی و ڕۆمانی کۆن دا.

یەکەم/خێزان لەلای یۆنانییە کۆنەکان:

لەو کۆمەڵگایەدا خێزان لەشێوەی باوکسالاریدا دەناسرێتەوە مێرد خاوەنی هێز و دەسەڵات بووە،بەسەر ژن و ڕۆڵەکانیدا باڵادەست بووە.باوک یان پیاو توانیویەتی ڕۆڵەکانی خۆی بەتایبەتی کچەکانی لە هەموو شتێک بێبەری بکات.بنەماڵەو ڕەچەڵەکیش تەنها بۆ پیاو بووە.

خێزان کوران کچانی لەسەر ئاکار و ئاین و پەرەروەردە و فێرکردنی ئەرک و مافەکان مەشق پێکردوەو یەکسانی لەنێوان کچان و کوڕان دا هەتا تەمەنی حەوت ساڵی درێژەی کێشاوە.لەپاش ئەو تەمەنە کوڕان دەنێردرانە بەر خوێندن لەقوتابخانە و خوێندنگاکاندا بۆ فێربوونی زانست و هونەر و سیاسەت و بازگانی و مەشقی سەربازی. کچانیش ڕێگەیان پێنەدەدرا لەماڵ بێنە دەرەوە، لەرووی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و مەشق و ڕاهێنانی مێشکیەوە هیچ گرنگییەکیان پێنەدەدرا تەنها فێری هونەرەکانی ماڵداری دەکران لەنێو ماڵی خۆیاندا.بەم پێیە یەکسانی و دادپەروەری لەنێوان کوڕان و کچان بەهیچ جۆرێک بوونی نەبووە و پیادەنەکراوە.دەکرێت بڵێین پەرەسەندنی خێزان بەم شێوەیە لەکۆمەڵەی یۆنای کۆندا دەگەڕێتەوە بۆ هێزی بازووی پیاوان،لاوازی ژنان لەڕووی بایۆلۆژیەوە لەبەرامبەر پیاواندا،بۆیە ژن بەپلەی دووەم هاتووە لەدوای پیاوەوە.(القصیر و احمد،٢٠٠٢،ل:١٧-١٨)

دووەم/خێزانی ڕۆمانی کۆن:

خێزانی باوکسالاری لە ڕۆما لەوپەڕی گەشەو مەزنایەتی دابووە،باوک خاوەنی هێزێکی گەورە بووە و مافی ئەوەی هەبووە بڕیار لەسەر چارەنوسی ڕۆڵەکانی بدا" بەبەخێوکردن یان ڕزگاربوون لێیان. کچان تا لەماڵی باوکییان دابوون لەژێر کۆنترۆڵی تەواوی باوکییان دابوون پاشان کە چوونەتە ماڵی مێردی خۆیان ئەو دەسەڵاتە گواستراوەتەوە بۆ مێردەکانیان.باوک لە خێزانی ڕۆمانی کۆندا،پێشەوای پەروەردەی و ئابووری ئایینی بووە،ئەو ڕێوڕەسم و سروت و ڕێز و بەپیرۆز ڕاگرتنانەی لەنێو ماڵدا پیادەدەکران،باوک ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی دەکردن و منداڵەکانی لەسەر ڕادەهێنان.لەسەدەی سێیەم و دووەمی پێش زایین دا گۆڕانکاری بەسەر خێزانی ڕۆمانیدا هاتووە بەتایبەتی لەلای چینە باڵاکان تیادا ژنان لەهەندێک کۆتوبەندو وابەستە بوون ڕزگاریان بووە،هەندێک ڕۆڵیان وەرگرتووە کەجاران تەنها بۆ پیاوان بوو وەک:خزمەتکردنی سەربازی و بەدەستهێنانی ئازادی"ئەوەش سەلمێنرا کە مافیان هەیە لەبڕیار دەرکردندا،ئەم گۆڕانکاریانەش بوونە هۆی باڵادەستی ژنان بەسەر پیاواندا.بەڵام دوای ئەوەی کۆماری ڕۆمانیا گۆڕا بۆ ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانیا ئەم ڕەوشەی خێزان وەک خۆی نەمایەوە گۆڕانی بەسەر داهات.کێشەی جیابوونەوە بوو بەیەکێک لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لەکۆماری ڕۆمانیاندا.جیابوونەوەی ژن و مێرد بوو بەکارێکی ئاسایی و ئاسان و بەئارەزووی یەکێکیان جێبەجێدەکرا تەنانەت ئەگەر لەلاکەی بەرامبەر ئارەزووی لەمانەوەی هاوسەرێتیش ببوایە،بۆیە ژیانی ژن و مێردایەتی لەنێوەندی چینە باڵاکاندا شلۆق بوو دارما (القصیر و احمد،١٩٨٥،ص:٢٨)

سێیەم/ خێزانی کۆنی کوردییەکان:

خێزانی کۆنی کوردی خێزانێکی باوکسالاری بووە، وردتر بۆ باوک دەگەڕێتەوە، سەرۆکی خێزان بەگوێرەی داب و نەریتی کوردەواری، خاوەن دەسەڵاتێکی فراوان بووە لە خێزاندا. جا ئەو خێزانە لە کۆمەڵگەیەکی کۆچەری یان گوندی یان شارستانی بێت. ئەم شێوازە لەسەرانسەری ناوچەکاندا

هاوشێوەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا هەندێک جیاوازی هەن، کە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە بە پێی بەرزی و نزمی زەوی و ڕادەی پەیوەندی بەجیهانی دەرەوە دەگۆڕێت. ئەو گۆڕانکاریانەش بەهیچ شێوەیەک کار ناکاتە سەر ڕواڵەتە بنچینەییەکانی ئەو شێوازەی خێزان. فاکتەری ئابووری بە پلەی یەکەم ڕۆڵی لە دەسەڵاتی باوکاسالاری دا بینیوە. لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی داهاتە ئابووریەکەی کشتوکاڵی شوانکاری بووە، لەم کردارە ئابووریانەشدا پیاو ڕۆڵی سەرەکی بینیوە. (عیزەت،٢٠١٤،ل:٩٧-٩٨). خێزانی کوردی کۆن بەپێی دابونەریتە کۆنەکان قەوارەیەکی فراوانی هەیە، ئەگەر باپیر لە ژیاندا مابێت و منداڵەکانی ژیانی هاوسەریان پێکهێنابێت هەموویان پێکەوە لەیەک ماڵدا دەژین، ئەگەر باپیرە زۆر پیر بوو یاخود لەژیاندا نەمابوو، کوڕە گەورەکەی جێی دەگرێتەوە لە بەڕێوەبردنی خێزاندا. دەسەڵات لە خێزانی کوردیدا ئەگەر چی دایک ڕۆڵی پەوردە دەبینێ و ئەرکی سەرەکی خێزان لە ئەستۆ دەگرێت، دەبێت هاوشانی باوک بێت بەڵام بەپێچەوانەوە دایک و کچەکانی دەخرینە پاین و باوک لەلوتکەی هەڕەمەکەدا دەبێت، کوڕەکانیشی لە پلەیەکی خوارتر لە باوک، لە پاینیش دا کچەکان لە پلەیەکی خوارتری دایک، واتە خوارترین پلەی هەڕەمەکی دەسەڵات، کە لەم پەیوەندیەدا دەبێتە سەرووترین پلەی بێ دەسەڵاتی. (ملا،٢٠١٥،ل:٣٨-٣٩).

## باسی دووەم: جۆرەکانی خێزان

## یەکەم/خێزانی ناوکی

ئەو خێزانە بچووکەیە پێکدێت لە ژن و مێرد و منداڵ،ئەوانەی هاوسەرگیریان نەکردووە.لەیەک ماڵدا دەژین (ناصر،٢٠٢٠،ل:٧٤)خێزانی سادە (ناوکی) لەکۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سەرەکییە کە تیایدا بەپلەی یەکەم گرنگی بە ژن و پیاو منداڵەکان دەدرێت،جگە لەمانە بەلاوەکی دادەنرێت.لەم جۆرە خێزانەدا ئەو پەیوەندییانەی لەسەر خزمایەتی خوێن دروست بوون پاشەکشە دەکەن و ئەو پەیوەندییانەی کەلەسەر ژن بەژن و ڕەچەڵەک دروست بوون دەستپێدەکەن و پلەی یەکەم وەردەگرن،خێزانی (ناوکی) زۆربەی جار لەسەر بنەمای دوو نەوە دروست دەبێت نەک زیاتر،ئەمەش وا دەکات دەرفەتی بەردەوامبوونی خێزانەکە کورت بێت و تەنها بە هاوسەرگیری منداڵەکانی کۆتایی بەخێزانە ناوکییەکە دێت،یان بەمردنی یەکێک لە دایک و باوکەکە مانەوەی خێزانەکە دەکەوێتە مەترسییەوە دواتر دەبێتە هۆی کۆتایی هاتنی خێزانەکە،خێزانەکە هەر جۆرێک بێت،گەورە بێت یان بچووک ئەوا سیستەمێکی لێکدراوی لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەیەکداچووانە تێدایە کە پەیوەندی لەنێوان تاکەکاندا دروست دەکات،ئەم پەیوەندیانەش لەسەر ئاستی هەموو تاکەکان یان ڕەگەزەکانی خێزانەکە بەشێوەیەکی ڕێکخراو ئاڵوگۆڕکراو دروست دەبێت ئیتر خێزاکە قەبارەی بچووک بێت یان گەورە (القصیر و احمد ،٢٠٠٢،ل:٥٠)

## دووەم/ خێزانی لێکدراو

خێزانی لێکدراو پێکدێت لە مێرد و ژنەکانی ئەو منداڵانەی کە لەو ژنانە هەیەتی.لەم خێزانەدا دوو جۆر خوشک و برایەتی هەیە ئەوانیش ئەو خوشک و برایانەن کە لەیەک دایک و باوکن،بەڵام جۆری دووەمیان ئە خوشک و برایانەن کە هی دایک و باوک نین بەڵکو لەباوکێک و چەند دایکێکی جیاواز دروست بوون،ئەم سیستەمە خێزانیانە لەلایەکەوە لەو هاوسەرگیریانەدا دەبینرێت کەجیابوەوەیەک بوونی هەبێت.ئەم جۆرە خیزانە لەکاتێکدا دەردەکەوێت پاش ئەوەی کوڕ هاوسەرگیری دەکات و منداڵیشی دەبێت بەڵام هەر لەگەڵ ماڵی باوکیدا دەژی.کوڕی هاوسەردار هاوسۆزی بۆ دوو خێزانی جیاواز هەیە لە هەر یەکێکیان دا ڕۆڵی جیاوازی هەیە،لەیەکەمیاندا ڕۆڵی کوڕ دەبینێت و لە دووەمیاندا ڕۆڵی مێرد و باوک دەکات،واتە خێزانی لێکدراو چونکە کوڕەکە بۆ دوو خێزانی جیاواز دەگەڕێتەوە بەڵام یەک ڕۆڵ پڕاکتیزە دەکات ئەویش جێبەجێکردنی هەمان ئەرکەکانە واتە مێردی زیاد لەژنێکە و باوکی سەرجەم منداڵی ژنە جیاوازەکانیەتی (البنوي،٢٠٢٠،ل:١٧٦)

## سێیەم/ خێزانی هاوخوێن (هاوبەش)

خێزانی هاوبەش لە کەسانێک پێکدێت کە بەهۆی پەیوەندی خزمایەتی خوێنەوە پێکەوە بەستراوە،بەگشتی ژمارەی ئەندامەکانی لە خێزانی ناوکی زۆر زیاترە،باوک،داپیرە،خوشکی باوک،خوشکی دایک،خاڵ و مام،منداڵەکانیان و کەسانی دیکەش. سۆز و بەرپرسیارێتییەکان بە جۆرێک لەنێو ئەندامەکانیدا بڵاوە کە منداڵان بەخێرایی پەیوەندی دروست دەکەن لەگەڵ تاکەکانی دیکەدا.لەم جۆرە خێزانە لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی زۆر زۆرە لە کۆمەڵگای پیشەسازی خۆرئاواشدا دەگمەنە (موحسینی،٢٠٠٢،ل:٣٨٦)

## چوارەم/خێزانی تاک سەرپەرشت

خێزانی تاک سەرپەرشت ئەو جۆرە خێزانەیە کە یەکێک لە هاوسەرەکان لە ژیان دا نەمابێت یان لەیەکتر جیابوونەتەوە منداڵانیش بوونیان هەیە،لەم بارودۆخەشدا چاودێریکردن و سەرپەرشتیکردنی خێزان و منداڵان دەکەوێتە ئەستۆی ئەو هاوسەری(دایک یان باوک) کە لەگەڵ منداڵەکان دەژیت.سەرەڕای ئەوەی ئەم چەشنە خێزانانە لە هەموو کۆمەڵگاکان و لە قۆناغەکانی مێژوودا بوونیان هەیە بەڵام ڕادەی بەربڵاوبوون و هۆکارەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە(محمد،٢٠٠٦،ل:٥٦)

## باسی سێیەم: ئەرکەکانی خێزان

خێزان وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی بەرپرسە بەرامبەر بەشووناس و ناسنامەی تاک لە کۆمەڵگادا، چونکە خێزان شوێنێکە تەندروسترین پەروەردە پێشکەش بەتاک دەکات،ئەگەر نەیتوانی ئەو ئەرکەش بەجێبگەیەنێت،ئەوا گرفتی کۆمەڵایەتی دروست دەکات و کاریگەرییان بەسەر کۆمەلگاوە دەبێت.چونکە خێزان بەرپرسی یەکەم لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاکەکان،ئەمەش لە ڕێگەی پێدانی مەعریفە،شارەزایی،کلتوور و بنەما ڕەفتارییەکانەوە دەبێت.ڕاهێنانی تاکەکانی خێزان بەوەی فێری خۆشەویستی و لێبووردەیی و چاکە و بەزەیی بن (طاهر،٢٠١٩،ل:١٣)

یەکەم/ئەرکی پەروەردەیی جەستەیی و تەندروستی:

لەسەر خێزان پێویستە چاودێر و پارێزگاری منداڵ بکات و پەروەردەیەکی دروستی جەستەیی و تەندروستیان بکات،لەڕێگەی پێدانی خواردن و خواردنەوەی دروست بۆ گەشەدان بەجەستەیان،فەراهەمکردنی شوێنی حەوانەوە بەردەستخستنی سەرجەم ئامرازەکانی حەوانەوە بۆیان،چاودێری و پارێزگاریکردنیان لەمەترسیەکان و پاراستنیان لەدەست نەخۆشییەکان،هاوکات لەگەڵ فێرکردنی سەرجەم ئامرازەکانی خواردن و چۆنیەتی بەکارهێنانیان و پاکوخاوێنی ڕاگرتن،هەروەها خێزان دەبێت هەدێک یاری و چالاکیان بۆ دابین بکات و لەهەر قۆناغێک لە قۆناغی تەمەنیاندا ڕێنمایی و ئاڕاستەیان بکات لەمنداڵی و هەرزەکاریاندا.(ناصر،٢٠٢٠،ل:٧٦)

دووەم/ ئەرکی وەچەخستنەوە:

منداڵ ڕۆڵێکی گرنگی لە تێرکردنی پێداویستییە دەروونی و کۆمەڵایەتییە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆکاندا هەیە،بۆیە پەیوەندی هاوسەرگیری هەمیشە هەوڵ بۆ تێرکردنی ئەو پێداویستییانە دەدات لەمیانەی خستنەوەی ئەو منداڵانەی کە خێزان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسندیان دەکات،کەواتە پڕۆسەی وەچەخستنەوە لەژێر سایەی خێزاندا پڕۆسەیەکی خۆویستییە کە هەردوو هاوسەر بەویست و خواستی خۆیان جێبەجێ دەکەن،لەم جۆرە کۆمەڵگانەدا دەبینین زۆری ژمارەی منداڵ مانایەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی هەیە،پێگەی کۆمەڵایەتی باوک پاشان دایک بەرز دەکاتەوە،لەگەڵ ئەوەشدا هەتا کۆمەڵگاکان لەژێر کاریگەری پەرەسەدن و پێشکەوتن دابن ئەوا سنوور بۆ وەچەخستنەوە دادەنێن(البنوي،٢٠١٨،ل:١٠٨).

## سێیەم/ئەرکی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و نیشتیمان پەروەری-پەروەردەی ئابووری:

خێزان هەڵدەستێت بە پارێزگاریکردن لە ئەندامانی کۆمەڵگە و ئامادەییان دەکات بۆ کارکردن و کارلێکردنی کۆمەڵایەتی،گەشەدان بە گیانی خۆشەویستی نیشتیمان،پارێزگریکردن لە سیستەم و دابونەریت و عورفەکان،بەڵام لەلایەنی ئابووری پێدانی پیشەکییەکی دیاریکراو،خێزان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت بەوەی کە زۆرجار منداڵان لەسەر کار و ڕێچکەی باوکیان دەڕۆن و فێری پیشەکەیان دەبن،لێکۆڵینەوە پەروەردەیی و پیشەیی و ئابووریەکان ئەوەیان سەلماندووە کە ڕێژەی ٨٠٪ کوڕەکان لە پیشەکانی باوکیان کار دەکەن و ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە کە خێزان کاریگەرە لە ئاڕاستەکردنی نەوەکانیدا ڕووەوپیشە جیاوازەکان.(ناصر،٢٠٢٠،ل:٧٦)

## چوارەم/ ئەرکی بە کۆمەڵایەتی کردن:

پرۆسەیەکە کە لەڕێگەیەوە منداڵانی خێزان فێری ژیان دەبن لە کۆمەڵگادا.بەم جۆرە مرۆڤ حاڵەتی مرۆیی بەخۆوە دەگرێت و کەسێتی ئەو گەشە دەکات.؛پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بوون بەردەوامیەک دێنێتە ئاراوە کە ئەندامانی کۆمەڵگا وردە وردە لەلایەن لاوانەوە جێگەیان دەگیرێتەوە.خێزان لەڕێگەی جێگەگرتنەوە یان تایبەتکردنی پێگەوە هەندێک شوێنگەی کۆمەڵایەتی بەئەندامەکانی دەسپێرێت.لەڕێگەی لەدایکبوونی ڕەواوە،شوێنگەی منداڵ لەنێو کۆمەڵێک پەیوەندی خزمایەتی دا دیاری دەکرێت.خێزان بەهەمان شێوە شوێنگەکانی ژیانی تاک و پێگەی کۆمەڵایەتی تایبەتی ئەو لەژیاندا دیاری دەکات (موحسینی،٢٠٠٦،ل:٣٨٦)

## پێنجەم/ ئەرکی پەروەردەکردنی ئاکاری و دەروونی و ویژدانی:

خێزان مەرجە لەسەری شێوازی زۆر چاک و گونجاو پەروەردە ئامادە بکات بۆ نەوەکانی،تاکو بتوانێت تووی بەها و ڕاستییەکان لەدەروونیان دا بچێنێ و گونجاو بێت لەگەڵ ویست و خواستی کۆمەڵگەکەیاندا لەسەر بنەمای ڕاستی و تێگەیشتن،هەروەها دەبێ خێزان سۆز و خۆشەویستی دوولا بداتە نەوەکانی چونکە ئەم خۆراکە دەروونی و ڕۆحیە هیچی کەمتر نییە لە خۆراکە بەرجەستەیی و ڕووەکیە لەگەشەپێدانی کەسێتیاندا،دەبێت خێزان نەوەکان فێربکات چۆن بیردەکەنەوە،چۆن گوێدەگرن و چۆن ڕێزدەگرن لەکەسانی بەرامبەریان،چۆنیش ڕێز لە هاوڵاتییان دەگرن چ لەخۆیان گەورەتر بن یان بچووکتربن.(ناصر،٢٠٢٠،ل:٧٧)

## باسی چوارەم:خێزان وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی

خێزان گوزارشت لەکۆنترین و ڕوونترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا دەکات لە رووی پێکهاتەی ژیانی مرۆڤ گشتگیری بوونی لەهەموو کۆمەڵگا جیاواز و سەرەتاییەکانن هەروەها کۆمەڵگا نوێیەکان و هاوچەرخەکان،خێزان لە هەموو کات و شوێنی جوگرافی کە مرۆڤایەتی تێیدا ژیابێت بوونی هەبووە(القصیر و احمد،١٩٨٥،ل:١٠-١١) هەندێ لەزانایانی کۆمەڵناسی وا تەمەشای خێزان دەکەن کەدامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە،چونکە ئەرکە جەوهەریەکانی تاک و کۆمەڵگا هەڵدەسوڕێنێ،خێزان بوونەوەرێکی مرۆیی دەگۆڕێت بە مرۆڤکراوی خاوەن سروشتی کۆمەڵگاکەی،بەهۆی پەروەردەکردن و ئاڕاستەکردنەوە لەسەر بنەمای کارلێکی ڕەمزی و کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکانی خۆیدا،بەواتایەکی تر ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییانەی کە دەخرێتە ئەستۆی تاک لەلایەن خێزانەکەیەوە بە کلیلی سەرەکی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت لەناو کۆمەڵگا گەورەکەیدا،بەهۆی ئەوەوە دەرگای هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تر وەک:پەروەردە و ئابووری و سیاسی و کلتووری و لەژیانی کۆمەڵایەتییە دەکرێتەوە کەسەرەتا بەرووی دا داخرابوو دامەزراوە خێزان بوو بەیەکێک لە بەهێزترین دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی ناو سیستەمی پەیکەری کۆمەڵایەتی،لەبواری پابەندی بایۆلۆژی،خوێنەکی،لەبواری مومارەسەکردنی ڕۆڵی خێزان بەبێ بەرامبەر و کرێی ماددییە.(عمر،٢٠٠٧،ل:٥-٩)

لە ڕوانگەی زۆربەی کۆمەڵناسانەوە دامەزراوە کۆمەڵێک لە ڕۆڵەکانە،بۆنموونە خێزان وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی چەند ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە وەک ڕۆڵی باوک،دایک ژن و مێرد،کوڕ،کچ و هەروەها ڕۆڵی پیاو وەک بەڕێوەبەری یەکەیەکی بەرهەمهێنان لە خێزانی گوندنشینیدا و ڕۆڵی منداڵەکە وەک کرێکارانی یەکەیەکی بەرهەمهێنان. خێزان کۆنترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتییە،بەردەوامی وەچەکان بەم دامەزراوەیە بەستراوەتەوە،بەدوای ئامانجێکی دیاریکراو دەکەوێ،گۆڕانکاریەکانی ئارام و لەسەرخۆن و لەبەرامبەر ڕەوتە دژبەرەکاندا خۆڕاگری دەکا،دامزراوە ئابووریەکان کەڕۆڵەکانی بەرهەمهێنان،دابەشکردن،وە ڕێکخستن و بەکارهێنانی شتومەکەکان دەگێڕن و پێداویستییە ئابووریەکان و ئەو خواردەمەنی و شتومەکانەی لەلایەن مرۆڤەوە بەکاردەهێنرێت دابین دەکەن،دامەزراوەی پەروەردە و فێرکردن کە پەیوەندییان لەگەڵ پەروەردەکردنی تاک و دابینکردنی پێداویستییە فێرکارییەکان هەیە.(سوقی و خولق،٢٠١٣،ل:١٦١-١٦٣).

## باسی پێنجەم:ڕۆڵی باوک لەناو خێزان

خێزانی کۆنی کوردی خێزانێکی باوکسالار بووە،وردتر بۆ باوک دەگەڕێتەوە.سەرۆکی خێزان بە گوێرەی دابونەریتی کوردەواری خاوەن دەسەڵاتێکی فراوان بووە لە خێزاندا.جا ئەو خێزانە لەکۆمەڵگەیەکی کۆچەری یان گوندی یان شارستانی بێت.(عیزەت،٢٠١٤،ل:٩٧) لەم جۆرە خێزانانەدا باوک کاریگەر و کارتێنەکراوە،بڕیاردەرە و گوێ لەپێشنیاری کەسانی دی خێزانەکەی ناگرێت،لەهەمان کاتیشدا بەخێوکەرێکی ڕەهایە،ئەرکی باوک لەخێزانی نەریتیدا لە جێی ئەرکی چەندان کەسە بەپێی ئەرک و مافیش ڕەوایەتی بەخۆی دەدات کە بۆ چەندان کەس بڕیار بدات و چارەنوسی چەندان کەس ئەو دیاری بکات.(ملا،٢٠١٥،ل:٣٩) کۆمەڵگەی کوردی وەکو هەر کۆمەڵگەیەکی تری ڕۆژهەڵات کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری بووە،هەمیشە لە خێزانەکاندا پیاوان خۆیان بەلێپرسراوی یەکەم دادەنێن ڕۆڵی بەخێوکەر و تەنانەت بەخێوکەری ئابووریش دەبینن. لەخێزانی کوردی دا باوک زاڵە بەسەر خێزانەکەی دا هەر ئەویش هەڵگری ناوی خێزانەکەیتی.(قادر،٢٠٠٦،ل:٢٧) خێزان لە ڕابردوو جیادەکرێتەوە بەوەی کەخێزانی گەورە و تێکەڵ بووە،ئەو خێزانە گەورەیە بەهێز و یەکگرتوویی دەناسرایەوە،هەروەها خاوەن هاوکاری و هاوسۆزی و بەخشندەیی بوو زۆر بەئاسانی دەیتوانی ڕووبەرووی ناخۆشی ببێتەوە وە باوک خاوەن دەسەڵاتی ڕەها بوو لەخێزاندا لەبارەی پرسەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خێزاندا،تا دەرکەوتنی جۆرەکانی دی خێزان کەئەوانیش خێزانی هاوسەری بوون کەپێکهاتووە لە دایک و باوک و منداڵەکان،لەگەڵ پەیدابوونی ئەم جۆرە خێزانە دەسەڵاتی باوک قەتیس کرا، بەڵام نەکەوت کوڕ سەرەڕای هاوسەرگیری بەڵام هەر لەژێر پرس و ڕێنمایی کاریگەری باوکی دایە،قەتیسکردنی دەسەڵاتەکانی باوکایەتی دەگەڕێتەوە بۆ بچووکبوونەوەی ماوەی زەمەنی کەتیایدا پیادەی ئەو دەسەڵاتەی کردووە.(عزیز،٢٠٢٢،ل:١٠٩-١١٠) لەخێزانی باوکسالاری دا دەسەڵات لەدەست پیاودایە و لەژێر چاودێری ئەودا ژنان و کوڕەکان تا کاتی مردن و کچەکان تا کاتی مێردکردن ژیان بەسەردەبەن،باوک لەخێزاندا سالار و هەمەکارەیە و میراتی ڕابردووەکان بۆ داهاتووەکان دەگوازێتەوە.لەنێو سامییەکاندا بنەمای خێزان لەسەر ڕەسەنایەتی باوک بووە کەبەباڵادەستی تەواو بەسەر ژیانی ژنان و منداڵانی خۆی حاکمی خێزان بوو،لەنێو زۆربەی هۆزەکاندا سیستەمی باوکسالاری باو بووە.(سوقی و خولق،٢٠١٣،ل:١٩٢) گرنگی ڕۆڵی باوک لەژیانی منداڵدا زۆر کەس پێیانوایە پەروەردەکردنی منداڵ ئەرکی دایکە و باوک هیچ ڕۆڵێکی تێدا نییە،هەروەها ڕۆڵی گرنگی باوک لەژیانی منداڵەکانیدا پشتگوێ دەخەن،بێگومان ئەو باوەڕە هەڵەیە،پەروەردەکردنی منداڵ ئەرکێکی گەورە و قورسە لەهەمان کاتدا،نابێت تەواوی بەرپرسیارێتی پەروەردەکردنی منداڵ تەنها بخرێتە ئەستۆی دایک،بەلەبەرچاوگرتنی گرنگی ڕۆڵی باوک لەپەروەردەکردنی منداڵ،لەبنیادنانی کەسایەتی منداڵ بەدرێژایی قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردن بەشێوەیەکی هاوسەنگ،پەروەردەکردنی منداڵ ئەرکێکی گەورەیە چونکە منداڵ سامانی ڕاستەقینەی

دایک و باوکە،وەبەرهەمی ئەو شتانەن کەبەدرێژایی ژیانیان پێکەوەیان چاندوویانە،هەروەها بوونی باوک لەناو قەوارەی بنەماڵەدا،بوونێکی پێویست و گرینگە بەوپێیەی باوک چەند ئەرکێک ئەنجام دەدات کە ڕەنگە دایکەکە نەتوانێت ئەنجامی بدات،نەدەتوانێت قەرەبووی نەبوونی باوک بکات.هەر کەمتەرخەمیەک یان پەراوێزخستنی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی باوک بەرامبەر بە منداڵەکانی،لەوانەیە ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکە،نەبوونی باوک لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی منداڵ بکەوێتە باوەشی کەسانی نامۆ وە ئەوان کاریگەرییان لەسەر دەبێت و ئەمەش لێکەوتەی لەسەر ژیانیان دەبێت،باوک بە نزیکتر لە نوێنەرایەتی کردنی دەسەڵاتی سزادان دادەنرێت لەچاو دایک،باوک سنووری ڕەفتار بۆ منداڵەکانی دادەنێت و دیاری دەکات کەچی ڕێگەپێدراوە و چی قەدەغەیە و بەمشێوەیە باوک ڕەفتارەکان دیاری دەکات ئەرێنی و نەرێنی بەجۆرێک کە منداڵ فێری جیاکردنەوەیان ببن،نزیکبوونەوەی باوک لەمنداڵەکانی،بەبەسەربردنی کاتێکی پێویست لەگەڵیان ڕاهێنانیان بەشێوازی گفتوگۆ و دیالۆگ،کەمتمانە بەخۆبوون و پشتبەستنیان پێ دەبەخشێت،هەروەها هەستێکی پشتیوانی و پشتگیری کردنیان پێ دەبەخشێت کەدەتوانن پشتی پێ ببەستن پەنایان بۆ ببن،کاتێک بابەتەکە بۆیان قورسە پێویستیان بە ئامۆژگاری و بۆچوونی باشی ئەو هەیە،باوک بەسەرچاوەی سەلامەتی و هێز و پاراستن بۆ منداڵەکان دادەنرێت،باوک ڕۆڵێکی گرنگی هەیە وەک سەنگەری بەرگری و پاراستن بۆ خێزان دادەنرێت.(دور الاب في حياة االابناء،٢٠٢٣/١/٢)

# دەروازەی دووەم/ لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

## بەشی چوارەم: میتۆدی توێژینەوەکە و ڕێوشوێنەکانی مەیدانی

١- میتۆدی توێژینەوەکە

٢- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

٣-نموونەی توێژینەوەکە

٤-بوارەکانی توێژینەوەکە

٥-ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

٦-ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان

## دەروازەی دووەم/ لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

## بەشی چوارەم: میتۆدی توێژینەوەکە و ڕێوشوێنەکانی مەیدانی

١- میتۆدی توێژینەوەکە:

هەر توێژینەوەیەکی زانستی میتۆدێک یان چەند میتۆدێکی تایبەت بەخۆی هەیە. کە توێژەر لەمیانەی توێژینەوەکەیدا پەیڕەوی دەکات بۆ گەیشتن بەڕاستیەکانی میتۆد، ئەو ڕێگایەی کە توێژەر دەگرێتە بەر بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی کە گرفتی بابەتی توێژینەوە دەخاتەڕوو. (ئەبراش،٢٠٠٩،ل:٦٥) ئەم توێژینەوە مەیدانییە، دەکەوێتە چوارچێوەی زانستی کۆمەڵناسی خێزان، توێژەر بەمەبەستی وەسف کردنی ڕۆڵی باوک لەناو خێزانی ئێستادا پەنای بردۆتە بەر میتۆدی وەسفی و شیکاری، بەڕێگای ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەنموونە، چونکە شێوازێکی گونجاوە بۆ ئەم توێژینەوەیە. (ئەبراش،٢٠١٣،ل:٢٤٣).

٢- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگای توێژینەوە، کۆی گشتی یەکەکانی توێژینەوەیە کە توێژینەوەیان لەبارەوە دەکرێت، کەتایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە.(عمر،١٩٨٣،ل:١١٨) کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتووە لە شاری (هەولێر) بریتییە لەو خێزانانەی کە باوک ئەرکی سەرپەرشتی کردنی خێزان لە ئەستۆ دەگرێت.

٣-نموونەی توێژینەوەکە:

نموونەی توێژینەوەی لە کۆمەڵە کەسێک پێکدێت کە هەمان ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەیان هەیە کە لەکۆمەڵگای توێژینەوەدا هەیە.(عمر،١٩٨٣،ل:١١٨) سروشتی توێژینەوەکە ئێمە وا پێویستی کردووە لەسەرمان (نموونەی هەڕەمەکی) بەکاربهێنین، هەروەها قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە(٥٠) یەکەیە کە بەشێوەی هەڕەمەکی دابەشی سەر (٥) گەڕەکی شاری هەولێرمان کردووە، گەڕەکی وەزیران (٨) یەکەمان وەرگرتووە، گەڕەکی بەختیاری (١٢) یەکەمان وەرگرتووە، گەڕەکی تەیراوە (١٠) یەکەمان وەرگرتووە، گەڕەکی برایەتی (٧) یەکەمان وەرگرتووە، گەڕەکی ئازادی (١٣) یەکەمان وەرگرتووە.

٤-بوارەکانی توێژینەوەکە:

ا-بواری شوێن: بواری شوێنی توێژینەوەکەمان شاری هەولێر دەگرێتەوە.

ب-بواری کات: بواری کاتی پێویستە بەو کاتەی کەوا توێژەر بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری دەربارەی بابەتی توێژینەوەکە پێویستی پێی هەیە. ئەم توێژینەوەیە لە سەرەتای (٢٠٢٤/٢/١٥) دەست بە دابەشکردن و کۆکردنەوەی زانیارییەکان کراوە تا (٢٠٢٤/٤/١) خایاندووە.

ج-بواری مرۆیی: ئەم توێژینەوە لە ڕەگەزی نێر و مێ پێکدێت، کە بریتین لە (٥٠) کەس کە بریتین لەو خێزانانە کە باوک ئەرکی سەرپەرشتیکردنی خێزانە لە شاری هەولێر.

٥-ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:

ا-ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سوودمان لە فۆڕمی ڕاپرسی بینیوە. دەتوانرێت وەکو ئامرازێک بەکاربهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێویست بەبابەتێکی توێژینەوەی دیاریکراو لە ڕێگەی فۆڕمێکەوە کە لەلایەن وەڵامدەر پڕدەکرێتەوە.

٦-ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان:

توێژەر ئەم ئامرازە ئامارییانەی بەکارهێناوە:

(ا) ڕێژەی سەدی

## بەشی پێنجەم: خستنەڕووی زانیارییەکانی توێژینەوە

ئەم بەشە دوو باس لە خۆدەگرێت؛ لە باسی یەکەم دا ئاماژە بەخستنەڕووی زانیارییە گشتییەکانی تایبەت بە لێ توێژراوان دەکرێت، لەبسی دووەمیشدا خستنەڕوو شیکردنەوە بۆ زانیارییەکانی پەیوەست بە ئامانجی توێژینەوەکە دەخرێتەڕوو.

### باسی یەکەم: خستنەڕووی زانیارییە گشتییەکانی توێژینەوە

**خشتەی (١)**

**ڕەگەزی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە**

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ٢٢ | ٤٤٪ |
| مێ | ٢٨ | ٥٦٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

لە خشتەی (١)بۆمان دەرکەوتووە، لەم توێژینەوەیەدا ڕەگەزی مێ (٢٨) یەکە و بەڕێژەی (٥٦٪) یە، کەبەرزترین ڕێژەی یەکەی توێژینەوەکەیە، هەروەها ڕەگەزی نێر (٢٢) یەکە و بەڕێژەی (٤٤٪) یە، کە نزمترین ڕێژەی یەکەی توێژینەوەکەیە. لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی یەکەکانی توێژینەوەکە ڕەگەزیان مێ یە.

## خشتەی (٢)

### تەمەنی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١٨–٢٨ | ٢٨ | ٪٥٦ |
| ٢٩–٣٩ | ٨ | ٪١٦ |
| ٤٠–٥٠ | ٩ | ٪١٨ |
| ٥١–٦١ | ٥ | ٪١٠ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (٢) بۆمان دەرکەوتووە، یەکەکانی توێژینەوەکە تەمەنیان لەنێوان (١٨–٢٨) یەکەیە و بە ڕێژەی (٪٥٦) کە بەرزترین ڕێژەی یەکەی توێژینەوەکەیە، هەروەها ئەو یەکانەی توێژینەوەکە تەمەنیان لەنێوان (٢٩–٣٩) یەکەیە و بە ڕێژەی (٪١٦)، هەروەها ئەو یەکانەی توێژینەوەکە تەمەنیان لەنێوان (٤٠–٥٠) یەکەیە و بە ڕێژەی (٪١٨)، هەروەها ئەو یەکانەی توێژینەوەکە تەمەنیان لەنێوان (٥١–٦١) یەکەیە و بە ڕێژەی (٪١٠) کە نزمترین ڕێژەی یەکەی توێژینەوەکەیە. لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەوێت کە بەرزترین ڕێژەی یەکەکانی توێژینەوەکە تەمەنیان لەنێوان (١٨–٢٨).

## خشتەی (٣)

## باری کۆمەڵایەتی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| باری کۆمەڵایەتی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەڵت | ٢٣ | ٪٤٦ |
| خێزاندار | ٢٠ | ٪٤٠ |
| جیابۆوە | ٤ | ٪٨ |
| هاوسەر مردوو | ٣ | ٪٦ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (٣) بۆمان دەرکەوتووە، یەکەکانی توێژینەوەکە ژمارەیان(٢٣) یەکەیە باری کۆمەڵایەتییان سەڵتە بەڕێژەی (٪٤٦) کە بەرزترین ڕێژەی یەکەی توێژینەوەکەیە، هەروەها ئەو یەکانەی توێژینەوەکە ژمارەیان (٢٠) یەکەیە باری کۆمەڵایەتییان خێزاندارە بە ڕێژەی (٪٤٠)، هەروەها ئەو یەکانەی توێژینەوەکە ژمارەیان (٤) یەکەیە باری کۆمەڵایەتییان جیابۆوەیە بەڕێژەی (٪٨)، هەروەها ئەو یەکانەی توێژینەوەکە (٣) یەکەیە باری کۆمەڵایەتییان هاوسەرمردووە بەڕێژەی (٪٦)، کە نزمترین ڕێژەی یەکەی توێژینەکەیە. لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەوێت زۆرترین ڕێژەی یەکەکانی توێژینەوەکە ژمارەیان (٢٣) یەکەیە باری کۆمەڵایەتییان سەڵتە.

## خشتەی (٤)

## ئاستی خوێندەواری یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| ئاستی خوێندەواری | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بنەڕەتی | ٤ | ٨٪ |
| ئامادەیی | ١٢ | ٢٤٪ |
| پەیمانگا | ١٢ | ٢٤٪ |
| بەکالۆریۆس | ١٦ | ٣٢٪ |
| خوێندنی باڵا | ٦ | ١٢٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

لە خشتەی (٤)، بۆمان دەرکەوتووە، یەکەکانی توێژینەوەکە ژمارەیان (١٦)یەکەیە ئاستی خوێندەواریان بە کالۆریۆسە بەڕێژەی (٣٢٪) کە بەرزترین ڕێژەی یەکەی توێژینەوەکەیە، هەروەها ئەو یەکانەی توێژینەوەکە ژمارەیان (١٢)یەکەیە ئاستی خوێندەواریان ئامادەییە بەڕێژەی (٢٤٪)، هەروەها ئەو یەکانەی توێژینەوەکە ژمارەیان (١٢) یەکەیە ئاستی خوێندەواریان پەیمانگایە بەڕێژەی (٢٤٪)، هەروەها ئەو یەکانەی توێژینەوەکە ژمارەیان (٦) یەکەیە ئاستی خوێندەواریان خوێندنی باڵایە بەڕێژەی (١٢٪)، هەروەها ئەو یەکانەی توێژینەوەکە ژمارەیان (٤) یەکەیە ئاستی خوێندەواریان بنەڕەتییە بەڕێژەی (٨٪) کەنزمترین ڕێژەی یەکەی توێژینەوەکەیە. لەم خشتەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بەرزترین ڕێژەی یەکەی توێژینەوەکە ژمارەیان (١٦) یەکەیە کە ئاستی خوێندەواریان بە کالۆریۆسە.

## خشتەی (٥)

## باری ئابووری یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| باری ئابووری | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| باش | ١٢ | ٢٤٪ |
| ناوەند | ٣٠ | ٦٠٪ |
| خراپ | ٨ | ١٦٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

لەخشتەی (٥) بۆمان دەرکەوتووە، یەکەکانی توێژینەوەکە ژمارەیان (٣٠) یەکەیە کە ئاستی ئابووریان ناوەندە بەڕێژەی (٦٠٪) کە بەرزترین ڕێژەی یەکەی توێژینەوەکەیە، ئەو یەکانەی توێژینەوەکە ژمارەیان (١٢) یەکەیە کە ئاستی ئابووریان باشە بەڕێژەی (٢٤٪)، هەروەها ئەو یەکانەی توێژینەوەکە ژمارەیان (٨) یەکەیە کە ئاستی ئابووریان خراپە بەڕێژەی (١٦٪)، کە نزمترین ڕێژەی یەکەی توێژینەوەکەیە. لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بەرزترین ڕێژەی یەکەی توێژینەوەکە ژمارەیان (٣٠) یەکەیە کە باری ئابووریان ناوەندە.

## خشتەی (٦)

## جۆری نیشتەجێبوون یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| جۆری نیشتەجێبوون | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کرێ | ١٤ | ٢٨٪ |
| موڵک | ٣٦ | ٧٢٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

لەخشتەی (٦) بۆمان دەرکەوتووە، یەکەکانی توێژینەوەکە ژمارەیان (٣٦) یەکەیە کە جۆری نیشتەجێبوونیان موڵکە بەرێژەی (٧٢٪) کە بەرزترین رێژەی یەکەی توێژینەوەکەیە، ئەو یەکانەی توێژینەوەکە ژمارەیان (١٤) یەکەیە کە جۆری نیشتەجێبوونیان کرێیە بەرێژەی (٢٨٪)، کە نزمترین رێژەی یەکەی توێژینەوەکەیە. لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بەرزترین رێژەی یەکەی توێژینەوەکە ژمارەیان (٣٦) یەکەیە کە جۆری نیشتەجێبوونیان موڵکە.

**باسی دووەم: خستنەڕووی زانیاریە تایبەتیەکانی توێژینەوە:**

## خشتەی (٧)

ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بە ئاشکرا بانگەشە بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی باوک دەکەن؟

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٦ | ٥٢٪ |
| تا ڕادەیەک | ١٧ | ٣٤٪ |
| نەخێر | ٧ | ١٤٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

لە خشتەی (٧) دا بۆ پرسیاری ئایا ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بە ئاشکرا بانگەشە بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی باوک دەکەن؟ دەردەکەوێت کە بەرێژەی (٥٢٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ) یە کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (٣٤٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (تاڕادەیەک)، هەروەها بە ڕێژەی (١٤٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر) ە کە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە بەڵێ ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بە ئاشکرا بانگەشە بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی باوک دەکەن.

## خشتەی (٨)

هەردەم پێویستە باوک چاودێری و بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بێت؟

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | وەڵام |
|---|---|---|
| ٪٦٠ | ٣٠ | بەڵێ |
| ٪٣٦ | ١٨ | تا ڕادەیەک |
| ٪٤ | ٢ | نەخێر |
| ٪١٠٠ | ٥٠ | کۆی گشتی |

لە خشتەی (٨) دا بۆ پرسیاری ئایا هەردەم پێویستە باوک چاودێری و بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بێت؟ دەردەکەوێت بەڕێژەی (٪٦٠)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ) یە کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (٪٣٦) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (تاڕادەیەک)، هەروەها بە ڕێژەی (٪٤) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر) ە کە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە بەڵێ هەردەم پێویستە باوک چاودێری و بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بێت.

لەم خشتەیە بۆمان دەرکەوت کە ئامانجی یەکەم کە زانینی ڕۆڵی باوک لە چاودێری و بەرپرسیارێتی لەسەر نەوەکانیدا، دەگونجێت لەگەڵ ئەو پرسیارەدا کە هەردەم پێویستە باوک چاودێری و بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بێت، لەم خشتەیەشدا بۆمان دەردەکەوێت بەپێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە (بەڵێ) یان هەڵبژاردووە هەمان بۆچونیان هەبووە.

## خشتەی (٩)

باوک توانیوییەتی پەیوەندی هاوڕێیانە لەگەڵ منداڵەکانی دروست بکات؟

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٦ | ٥٢٪ |
| تا ڕادەیەک | ١٨ | ٣٦٪ |
| نەخێر | ٦ | ١٢٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

لە خشتەی (٩) دا بۆ پرسیاری ئایا باوک توانیوییەتی پەیوەندی هاوڕێیانە لەگەڵ منداڵەکانی دروست بکات؟ دەردەکەوێت بەڕێژەی (٥٢٪)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ) یە کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (٣٦٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (تاڕادەیەک)، هەروەها بە ڕێژەی (١٢٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر) ە کە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە بەڵێ باوک توانیوییەتی پەیوەندی هاوڕێیانە لەگەڵ منداڵەکانی دروست بکات.

## خشتەی (١٠)

باوک کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی هاوڕێ لای منداڵەکانی هەیە؟

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١١ | ٢٢٪ |
| تا ڕادەیەک | ٢٩ | ٥٨٪ |
| نەخێر | ١٠ | ٢٠٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

له خشتەی (١٠) دا بۆ پرسیاری ئایا باوک کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی هاوڕێ لای منداڵەکانی هەیە؟ دەردەکەوێت بەڕێژەی (٥٨٪)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (تاڕادەیەک)ە کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (٢٢٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ)، هەروەها بە ڕێژەی (٢٠٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر) ە کە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە تاڕادەیەک باوک کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی هاوڕێ لای منداڵەکانی هەیە.

## خشتەی (١١)

بەهۆی کاریگەرییەکانی سیستەمی سەرمایەداری و بەکاڵابوونی شتەکان بەهای خێزان لاواز بووە و دەسەڵاتی باوکی کەمکردۆتەوە؟

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٥ | ٣٠٪ |
| تا ڕادەیەک | ١٦ | ٣٢٪ |
| نەخێر | ١٩ | ٣٨٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

له خشتەی (١١) دا بۆ پرسیاری ئایا بەهۆی کاریگەرییەکانی سیستەمی سەرمایەداری و بەکاڵابوونی شتەکان بەهای خێزان لاواز بووە و دەسەڵاتی باوکی کەمکردۆتەوە؟ دەردەکەوێت بەڕێژەی (٣٨٪)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر) ە کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (٣٢٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (تاڕادەیەک)، هەروەها بە ڕێژەی (٣٠٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ) یە کە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە نەخێر بەهۆی کاریگەرییەکانی سیستەمی سەرمایەداری بەکاڵابوونی شتەکان بەهای خێزان لاواز نەبووە و دەسەڵاتی باوکی کەمنەکردۆتەوە.

## خشتەی (١٢)

باوک کاتی دیاریکراوی تەرخانکردووە بۆ گوێ گرتن لە کێشەو گرفتی منداڵەکانی؟

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | وەڵام |
|---|---|---|
| ٪٣٠ | ١٥ | بەڵێ |
| ٪٤٨ | ٢٤ | تا ڕادەیەک |
| ٪٢٢ | ١١ | نەخێر |
| ٪١٠٠ | ٥٠ | کۆی گشتی |

لە خشتەی (١٢) دا بۆ پرسیاری ئایا باوک کاتی دیاریکراوی تەرخانکردووە بۆ گوێ گرتن لە کێشەو گرفتی منداڵەکانی؟ دەردەکەوێت بەڕێژەی (٪٤٨)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (تاڕادەیەک)ە کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (٪٣٠) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ)، هەروەها بە ڕێژەی (٪٢٢) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر) ە کە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە تاڕادەیەک باوک کاتی دیاریکراوی تەرخانکردووە بۆ گوێ گرتن لە کێشەو گرفتی منداڵەکانی.

## خشتەی (١٣)

بەهۆی کاریگەرییەکانی جیهانگیری لەم سەردەمەدا ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییەکانی باوک گۆڕانی بەسەرداهاتووە؟

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | وەڵام |
|---|---|---|
| ٪٤٤ | ٢٢ | بەڵێ |
| ٪٣٨ | ١٩ | تا ڕادەیەک |
| ٪١٨ | ٩ | نەخێر |
| ٪١٠٠ | ٥٠ | کۆی گشتی |

لە خشتەی (١٣) دا بۆ پرسیاری ئایا بەهۆی کاریگەرییەکانی جیهانگیری لەم سەردەمەدا ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییەکانی باوک گۆڕانی بەسەرداهاتووە؟ دەردەکەوێت بەڕێژەی (٪٤٤)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ) یە کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (٪٣٨) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (تاڕادەیەک)، هەروەها بە ڕێژەی (٪١٨) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر) ە کە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە بەڵێ بەهۆی کاریگەرییەکانی جیهانگیری لەم سەردەمەدا ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییەکانی باوک گۆڕانی بەسەر داهاتووە.

## خشتەی (١٤)

دەسەڵاتی دایک بۆتە هۆکار بۆ کەمبوونەوەی ڕۆڵی باوک؟

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | وەڵام |
|---|---|---|
| ٪٢٤ | ١٢ | بەڵێ |
| ٪٣٦ | ١٨ | تا ڕادەیەک |
| ٪٤٠ | ٢٠ | نەخێر |
| ٪١٠٠ | ٥٠ | کۆی گشتی |

له خشتەی (١٤) دا بۆ پرسیاری ئایا دەسەڵاتی دایک بۆتە هۆکار بۆ کەمبوونەوەی ڕۆڵی باوک؟ دەردەکەوێت بەڕێژەی (٤٠٪)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر)ە کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (٣٦٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (تاڕادەیەک)، هەروەها بە ڕێژەی (٢٤٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ) یە کە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە نەخێر دەسەڵاتی دایک نەبۆتە هۆکار بۆ کەمبوونەوەی ڕۆڵی باوک.

## خشتەی (١٥)

دایک و باوک وەکو یەک مافیان لەخێزاندا هەیە؟

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٣ | ٦٦٪ |
| تا ڕادەیەک | ١٤ | ٢٨٪ |
| نەخێر | ٣ | ٦٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

له خشتەی (١٥) دا بۆ پرسیاری ئایا دایک و باوک وەکو یەک مافیان لەخێزاندا هەیە؟ دەردەکەوێت بەڕێژەی (٦٦٪)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ) یە کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (٢٨٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (تاڕادەیەک)، هەروەها بە ڕێژەی (٦٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر) ە کە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە بەڵێ دایک و باوک وەکو یەک مافیان لەخێزاندا هەیە.

## خشتەی ژمارە (١٦)

دایک کارەکتەری سەرەکییە لە پەروەردەکردنی منداڵ؟

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٤ | ٪٤٨ |
| تا ڕادەیەک | ١١ | ٪٢٢ |
| نەخێر | ١٥ | ٪٣٠ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (١٦) دا بۆ پرسیاری ئایا دایک کارەکتەری سەرەکییە لە پەروەردەکردنی منداڵ؟ دەردەکەوێت بەڕێژەی (٪٤٨)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ) یە کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (٪٣٠) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر)ە، هەروەها بە ڕێژەی (٪٢٢) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (تاڕادەیەک)ە کە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە بەڵێ دایک کارەکتەری سەرەکییە لە پەروەردەکردنی منداڵ.

## خشتەی (١٧)

دایک هۆکارێکە بۆ بەرز ڕاگرتنی ڕۆڵی باوک؟

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٦ | ٪٧٢ |
| تا ڕادەیەک | ٨ | ٪١٦ |
| نەخێر | ٦ | ٪١٢ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪١٠٠ |

له خشتەی (١٧) دا بۆ پرسیاری ئایا دایک هۆکاریکە بۆ بەرز ڕاگرتنی ڕۆڵی باوک؟ دەردەکەوێت بەڕێژەی (٧٢٪)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ) یە کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (١٦٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (تاڕادەیەک)، هەروەها بە ڕێژەی (١٢٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر) ە کە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە بەڵێ دایک هۆکاریکە بۆ بەرز ڕاگرتنی ڕۆڵی باوک.

لەم خشتەیە بۆمان دەرکەوت کە ئامانجی دووەم تیشک خستنەسەر دەسەڵاتی دایک و کاریگەری لەسەر ڕۆڵی باوک، دەگونجێت لەگەڵ ئەو پرسیارەدا کە دایک هۆکاریکە بۆ بەرز ڕاگرتنی ڕۆڵی باوک، لەم خشتەیەشدا بۆمان دەردەکەوێت بەپێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە (بەڵێ) یان هەڵبژاردووە هەمان بۆچونیان هەبووە.

**خشتەی (١٨)**

له خێزانی ئێستادا باوکسالاری ڕێژەی کەمبۆتەوە؟

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٤ | ٢٨٪ |
| تا ڕادەیەک | ٢١ | ٤٢٪ |
| نەخێر | ١٥ | ٣٠٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

له خشتەی (١٨) دا بۆ پرسیاری ئایا له خێزانی ئێستادا باوکسالاری ڕێژەی کەمبۆتەوە؟ دەردەکەوێت بەڕێژەی (٤٢٪)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (تاڕادەیەک)ە کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (٣٠٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر)ە، هەروەها بە ڕێژەی (٢٨٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ) یە کە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە تاڕادەیەک له خێزانی ئێستادا باوکسالاری ڕێژەی کەمبۆتەوە.

## خشتەی (١٩)

باوک چاودێرە لەسەر منداڵەکانی لەبەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؟

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٦ | ٪٣٢ |
| تا ڕادەیەک | ٢٤ | ٪٤٨ |
| نەخێر | ١٠ | ٪٢٠ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (١٩) دا بۆ پرسیاری ئایا باوک چاودێرە لەسەر منداڵەکانی لەبەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؟ دەردەکەوێت بەڕێژەی (٪٤٨)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (تاڕادەیەک)ە کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (٪٣٢) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ)، هەروەها بە ڕێژەی (٪٢٠) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر) ە کە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە تاڕادەیەک باوک چاودێرە لەسەر منداڵەکانی لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

لەم خشتەیە بۆمان دەرکەوت کە ئامانجی چوارەم ، زانینی کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندی بەڕۆڵی باوک دەگونجێت لەگەڵ ئەو پرسیارەدا کە باوک چاودێرە لەسەر منداڵەکانی لەبەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لەم خشتەیەشدا بۆمان دەردەکەوێت بەپێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە (تاڕادەیەک) هەمان بۆچونیان هەبووە.

**خشتەی (٢٠)**

دراما دۆبلاژکراوە بیانییەکان کاریگەرییان هەبووە لەسەر لاوازبوونی شکۆی خێزان و پێگەی باوک؟

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | وەڵام |
|---|---|---|
| ٪٥٢ | ٢٦ | بەڵێ |
| ٪٢٠ | ١٠ | تا ڕادەیەک |
| ٪٢٨ | ١٤ | نەخێر |
| ٪١٠٠ | ٥٠ | کۆی گشتی |

لە خشتەی (٢٠) دا بۆ پرسیاری ئایا دراما دۆبلاژکراوە بیانییەکان کاریگەرییان هەبووە لەسەر لاوازبوونی شکۆی خێزان و پێگەی باوک؟ دەردەکەوێت بەڕێژەی (٪٥٢)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ) یە کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (٪٢٨) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر)ە، هەروەها بە ڕێژەی (٪٢٠) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (تاڕادەیەک)ە کە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە بەڵێ دراما دۆبلاژکراوە بیانییەکان کاریگەرییان هەبووە لەسەر لاوازبوونی شکۆی خێزان و پێگەی باوک.

## خشتەی (٢١)

سۆشیاڵ میدیاكان چاودێری و پەروەردەكردنی دایك و باوكانیان كەمكردۆتەوە؟

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٨ | ٣٦٪ |
| تا ڕادەیەك | ٢٠ | ٤٠٪ |
| نەخێر | ١٢ | ٢٤٪ |
| كۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

لە خشتەی (٢١) دا بۆ پرسیاری ئایا سۆشیاڵ میدیاكان چاودێری و پەروەردەكردنی دایك و باوكانیان كەمكردۆتەوە؟ دەردەكەوێت بەڕێژەی (٤٠٪)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەكە (تاڕادەیەك)ە كە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (٣٦٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەكە (بەڵێ)یە، هەروەها بە ڕێژەی (٢٤٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەكە (نەخێر) ە كە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەكە زۆرینە پێیانوایە تاڕادەیەك سۆشیاڵ میدیاكان چاودێری و پەروەردەكردنی دایك و باوكانیان كەمكردۆتەوە.

## خشتەی (٢٢)

ئامێر و ئامرازەكانی ڕاگەیاندن كاریگەری نەرێنی لەسەر پێگەیاندن و پەروەردەكردنی منداڵ هەیە؟

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٠ | ٤٠٪ |
| تاڕادەیەك | ١٦ | ٣٢٪ |
| نەخێر | ١٤ | ٢٨٪ |
| كۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

له خشتەی (٢٢) دا بۆ پرسیاری ئایا ئامێر و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری نەرێنی لەسەر پێگەیاندن و پەروەردەکردنی منداڵ هەیە؟ دەردەکەوێت بەڕێژەی (٤٠٪)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ) یە کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (٣٢٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (تاڕادەیەک)، هەروەها بە ڕێژەی (٢٨٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر) ە کە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە بەڵێ ئامێر و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری نەرێنی لەسەر پێگەیاندن و پەروەردەکردنی منداڵ هەیە.

## خشتەی (٢٣)

سەرقاڵبوونی باوک بەکار و باری دەرەوە بۆ دەستهێنانی بژێوی ژیان ڕۆڵی باوکی لە پەروەردەکردنی منداڵ لاواز کردووە؟

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٠ | ٢٠٪ |
| تا ڕادەیەک | ٣٠ | ٦٠٪ |
| نەخێر | ١٠ | ٢٠٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

له خشتەی (٢٣) دا بۆ پرسیاری ئایا سەرقاڵبوونی باوک بەکار و باری دەرەوە بۆ دەستهێنانی بژێوی ژیان ڕۆڵی باوکی لە پەروەردەکردنی منداڵ لاواز کردووە؟ دەردەکەوێت بەڕێژەی (٦٠٪)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (تاڕادەیەک)ە کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (٢٠٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ)، هەروەها بە ڕێژەی (٢٠٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر) ە کە نزمترین ڕێژەن. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە تاڕادەیەک سەرقاڵبوونی باوک بەکار و باری دەرەوە بۆ دەستهێنانی بژێوی ژیان ڕۆڵی باوکی لە پەروەردەکردنی منداڵ لاواز کردووە.

## خشتەی (٢٤)

چاودێری و پەروەردەکردنی منداڵ تەنیا لە ئەستۆی باوکە؟

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٥ | ١٠٪ |
| تا ڕادەیەک | ١٢ | ٢٤٪ |
| نەخێر | ٣٣ | ٦٦٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

لە خشتەی (٢٤) دا بۆ پرسیاری ئایا چاودێری و پەروەردەکردنی منداڵ تەنیا لە ئەستۆی باوکە؟ دەردەکەوێت بەڕێژەی (٦٦٪)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر)ە کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (٢٤٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (تاڕادەیەک)، هەروەها بە ڕێژەی (٥٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ) یە کە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە نەخێر چاودێری و پەروەردەکردنی منداڵ تەنیا لە ئەستۆی باوک نییە.

## خشتەی (٢٥)

باوک لە پەروەردەکردنی منداڵ پەنا دەباتە بەر لێدان؟

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٦ | ١٢٪ |
| تا ڕادەیەک | ١٢ | ٢٤٪ |
| نەخێر | ٣٢ | ٦٤٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

له خشتەی (٢٥) دا بۆ پرسیاری ئایا باوک لە پەروەردەکردنی منداڵ پەنا دەباتە بەر لێدان؟ دەردەکەوێت بەڕێژەی (٦٤٪)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر)ە کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (٢٤٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (تاڕادەیەک)، هەروەها بە ڕێژەی (١٢٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ) یە کە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە نەخێر باوک لە پەروەردەکردنی منداڵ پەنا ناباتە بەر لێدان.

## خشتەی (٢٦)

منداڵ زیاتر گوێڕایەڵی باوکە نەک دایک؟

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٧ | ١٤٪ |
| تا ڕادەیەک | ٢٢ | ٤٤٪ |
| نەخێر | ٢١ | ٤٢٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

له خشتەی (٢٦) دا بۆ پرسیاری ئایا منداڵ زیاتر گوێڕایەڵی باوکە نەک دایک؟ دەردەکەوێت بەڕێژەی (٤٤٪)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (تاڕادەیەک)ە کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (٤٢٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر)ە، هەروەها بە ڕێژەی (١٤٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ) یە کە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە تاڕادەیەک منداڵ زیاتر گوێڕایەڵی باوکە نەک دایک.

## خشتەی (٢٧)

لەسەر شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ، دەمەقاڵێ کەوتۆتە نێوان دایک و باوک؟

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | وەڵام |
|---|---|---|
| ٪٤٠ | ٢٠ | بەڵێ |
| ٪٤٨ | ٢٤ | تا ڕادەیەک |
| ٪١٢ | ٦ | نەخێر |
| ٪١٠٠ | ٥٠ | کۆی گشتی |

لە خشتەی (٢٧) دا بۆ پرسیاری ئایا لەسەر شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ، دەمەقاڵێ کەوتۆتە نێوان دایک و باوک؟ دەردەکەوێت بەڕێژەی (٤٨٪)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (تاڕادەیەک)ە کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (٤٠٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ)، هەروەها بە ڕێژەی (١٢٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر) ە کە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە تاڕادەیەک لەسەر شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ، دەمەقاڵێ کەوتۆتە نێوان دایک و باوک.

لەم خشتەیە بۆمان دەرکەوت کە ئامانجی سێیەم خستنەڕووی شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ لەسەر ڕێبازی مۆدێرن، دەگونجێت لەگەڵ ئەو پرسیارەدا کە لەسەر شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ، دەمەقاڵێ کەوتۆتە نێوان دایک و باوک ، لەم خشتەیەشدا بۆمان دەردەکەوێت بەپێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە (تاڕادەیەک) هەمان بۆچونیان هەبووە.

## خشتەی (٢٨)

باوک ڕێگا بە کچەکانی دەدات وەکو کوڕەکانی تا لەگەڵ هاوڕێکانی بچێتە دەرەوە؟

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٧ | ١٤٪ |
| تا ڕادەیەک | ١٧ | ٣٤٪ |
| نەخێر | ٢٦ | ٥٢٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

لە خشتەی (٢٨) دا بۆ پرسیاری ئایا باوک ڕێگا بە کچەکانی دەدات وەکو کوڕەکانی تا لەگەڵ هاوڕێکانی بچێتە دەرەوە؟ دەردەکەوێت بەڕێژەی (٥٢٪)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر)ە کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (٣٤٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (تاڕادەیەک)، هەروەها بە ڕێژەی (١٤٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ) یە کە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە نەخێر باوک ڕێگا بە کچەکانی نادات وەک کوڕەکانی تا لەگەڵ هاوڕێکانی بچێتە دەرەوە.

## خشتەی (٢٩)

پەیوەندی نێوان باوک و کچ لە خێزاندا زۆر بەهێزە؟

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٩ | ٥٨٪ |
| تا ڕادەیەک | ١٥ | ٣٠٪ |
| نەخێر | ٦ | ١٢٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

له خشتەی (٢٩) دا بۆ پرسیاری ئایا پەیوەندی نێوان باوک و کچ له خێزاندا زۆر بەهێزە؟ دەردەکەوێت بەڕێژەی (٥٨٪)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ) یە کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (٣٠٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (تاڕادەیەک)، هەروەها بە ڕێژەی (١٢٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر) ە کە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە بەڵێ پەیوەندی نێوان باوک و کچ لەخێزاندا زۆر بەهێزە.

## خشتەی ژمارە (٣٠)

پەیوەندی نێوان باوک و کوڕ لەخێزاندا بەهێزترە؟

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٢ | ٤٤٪ |
| تا ڕادەیەک | ٢٢ | ٤٤٪ |
| نەخێر | ٦ | ١٢٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

له خشتەی (٣٠) دا بۆ پرسیاری ئایا پەیوەندی نێوان باوک و کوڕ لەخێزاندا بەهێزترە؟ دەردەکەوێت بەڕێژەی (٤٤٪)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ) و (تاڕادەیەک) بەرزترین ڕێژەنە، هەروەها بە ڕێژەی (١٢٪) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر) ە کە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە بەڵێ و تاڕادەیەک پەیوەندی نێوان باوک و کوڕ لەخێزاندا بەهێزترە.

## خشتەی (٣١)

باوک جیاوازی دەکات لەنێوان ڕەگەزی منداڵەکانی؟

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٦ | ٪٣٢ |
| تا ڕادەیەک | ١٠ | ٪٢٠ |
| نەخێر | ٢٤ | ٪٤٨ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (٣١) دا بۆ پرسیاری ئایا باوک جیاوازی دەکات لەنێوان ڕەگەزی منداڵەکانی؟ دەردەکەوێت بەڕێژەی (٪٤٨)ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (نەخێر)ە کە بەرزترین ڕێژەیە، هەروەها بە ڕێژەی (٪٣٢) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (بەڵێ)، هەروەها بە ڕێژەی (٪٢٠) ی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە (تاڕادەیەک)ە کە نزمترین ڕێژەیە. بە پێی وەڵامی توێژینەوەکە زۆرینە پێیانوایە نەخێر باوک جیاوازی ناکات لەنێوان ڕەگەزی منداڵەکانی.

**باسی سێیەم: پوختەی دەرئەنجام و پێشنیارەکان و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم/ دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١- لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا بۆمان دەرکەوتووە زۆرینەی یەکەی توێژینەوەکە پێیانوایە کەڕێکخراوەکانی ئافرەتان بەئاشکرا بانگەشە بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی باوک دەکەن و زۆرینەیان بەڵێیان هەڵبژاردووە.

٢-لەدەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەرکەوتووە زۆرینەی یەکەی توێژینەوەکە پێیانوایە بەهۆی کاریگەرییەکانی جیهانگیری لەم سەردەمەدا ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیەکانی باوک گۆڕانی بەسەرداهاتووە.

٣-هەروەها گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کەزۆرینە پێیانوایە بەڵێ دراما دۆبلاژکراوە بیانییەکان کاریگەرییان هەبووە لەسەر لاوازبوونی شکۆی خێزان و پێگەی باوک

٤-هەروەها لەدەرئەنجامی ئەم توێژینەوەدا بۆمان دەرکەوتووە، زۆرینە پێیانوایە چاودێری و پەروەردەکردنی منداڵ تەنیا لەئەستۆی باوک نییە، بەڵکو دایکیش چاودێر و پەروەردەکردنی منداڵی لە ئەستۆیە.

٥-هەروەها لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەدا بۆمان دەرکەوتووە باوک جیاوازی ناکات لەنێوان ڕەگەزی منداڵەکانی.

٦-لەدەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەرکەوتووە زۆرینە پێیانوایە بەڵێ هەردەم پێویستە باوک چاودێری و بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بێت.

٧-دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەرکەوتووە زۆرینە پێیانوایە بەڵێ دایک هۆکارێکە بۆ بەرز ڕاگرتنی ڕۆڵی باوک.

٨-لەدەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەرکەوتووە زۆرینە پێیانوایە تاڕادەیەک لەسەر شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ دەمەقاڵێ کەوتۆتە نێوان دایک و باوک.

٩-لەدەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەرکەوتووە زۆرینە پێیانوایە تاڕادەیەک منداڵ زیاتر گوێڕایەڵی باوکە نەک دایک.

١٠-لەکۆتاییدا گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە زۆرینە پێیانوایە چاودێری و پەروەردەکردنی منداڵ تەنها لەئەستۆی باوک نییە بەڵکو لە ئەستۆی دایک و باوکە.

**دووەم/ پێشنیارەکانی توێژینەوەکە:**

١-پێویستە هەوڵبدرێت وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن سانسۆر یان چاودێریەکی چڕ بخاتە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەوەی گەنجەکانمان بەهۆی ئەم تۆڕانەوە بەلاڕێ نەبرێن و ڕەوشتی خراپ فێرنەبن بەرامبەر باوان.

٢-وەزارەتی ئەوقاف لەڕێگەی مینبەرەکانەوە خەڵک زیاتر هۆشیار بکرێتەوە بۆ ئەوەی کلتوری ڕێزگرتن لەباوان کاڵ نەبێتەوە.

٣-پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن زوو زوو هەوڵبدەن بە ڕێکخستنی بەرنامەی خێزانی و ڕێزگرتن لە باوک، یان پێویستە پەرلەمان لەڕێگەی دەرکردنی یاسایەک کە نابێت بێڕیزی بەرامبەر باوان بکرێت.

4-هەوڵبدرێت ئاستی هۆشیاری خیزان بەرزبکرێتەوە لەڕێگەی کەناڵە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە زیاتر کاربکرێت لەسەر گەنج و لاوان، بۆ ئەوەی ئاستی ڕۆشنبیریان لەبەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وە مەترسی خراپ بەکارهێنانیان لێ ئاگاداربکرێتەوە.

5-هوشیارکردنەوەی زیاتری خەڵکی لەڕێگەی ئەنجامدانی سمینار و خولی تایبەت لەبارەی زیاتر هوشیاری دەربارەی ڕۆڵی باوک لەناو خێزاندا.

6-بەهێزکردنی سیستەمی پەروەردەیی و هوشیارکردنەوەی خێزان چینی گەنجان بەتایبەت لە قوتابخانە و زانکۆکان بایەخی زیاتری پێ بدرێت، بەمەبەستی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی هوشیار و تەندروست.

**ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:**

1- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر ڕۆڵی باوک لەناو خێزاندا.

2- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر بابەتی گۆڕانی دەسەڵات و ڕۆڵی باوک لەناو خێزانی ئێستادا.

3-ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بە کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕۆڵی باوک لەناو خێزان و تاکەکانی خێزان لەسەر ئاستی هەرێمی کورستان یان شاری هەولێر بەتایبەتی.

4-ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بە بەراوردکردنی ڕۆڵی باوک لەئێستا و لەڕابردوودا چۆن بووە لەناو خێزاندا.

## ســـــەرچـــاوەکـــان

### یەکەم/ سەرچاوە کوردییەکان

**١-کتێب:**


1. بۆکانی، سابیر (2016). میتۆدی توێژینەوەی زانستی. سلێمانی. چاپخانەی چوارچرا.
2. حەسەن، ئیحسان محمد (2012). تیۆرە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووەکان:وەرگێرانی:دیدار ئەبوزێد. هەولێر. چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
3. قصیر، مليحة عوني و أحمد، صبيح عبدالمنعم (2002). سۆسیۆلۆژیای خێزان. وەرگێرانی:صابر بکر بۆکانی. سلێمانی. چاپخانەی داناز.
4. عیزەت، فائیزە محەمەد (2014). ژیانی کۆمەڵایەتی کورد لەنێوان سەدەکانی 10-15 ی زایینی. وەرگێڕانی:سەرمەد ئەحمەد. هەولێر. چاپخانەی موکریانی.
5. ئەبراش، ئیبراهیم (2013). میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی. وەرگێڕانی:دیدار ئەبو زێد. هەولێر. چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
6. سووقی، مەنسوور و خولّق، عەلی ئەکبەر (2013). بنەماکانی کۆمەڵناسی. وەرگێڕانی:سیروان محەمەد حاجی. هەولێر. چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
7. موحسینی، مەنوچێهر (2002). دەروازەکانی کۆمەڵناسی. وەرگێڕانی:ڕێبوار سیوەیلی و موڕاد حەکیم و موسڵیح ئیروانی. هەولێر. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
8. ناصر، ئیبراهیم (2020). زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەی. وەرگێڕانی:دانا نادر محمد. هەولێر.
9. عمر، معن خليل (2007). کۆمەڵناسی خێزان. وەرگێڕانی:ئارام ئەمین جەلال. دهۆک. چاپخانەی خانی.
10. البنوي، نايف عودة (2020). دەروازەی کۆمەڵناسی. وەرگێڕانی:توانا فەرەیدون. چاپخانەی مێخەک.


**٢-ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا کوردیەکان:**


1. طاهر، زەریا احمد (2019). بونیاد و ئەرکی خێزان لە کۆمەلگەی کوردستانیدا-توێژینەوەیەکی بەراوردکاریە لە شاری هەولێر. تێزێکە بڵاونەکراوەتەوە. کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەڵاحەددین.
2. عەزیز، پاکزاد نەژاد (2022). ڕۆڵی جیهانگیری لە گۆڕانی پێکهاتەی خێزان و ئەرکەکانی. توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری هەولێر. تێزێکە بڵاونەکراوەتەوە. کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەڵاحەددین.

3. عەزیز، پاکزاد نەژاد (2016). ڕۆڵی خێزان لە پێگەیاندنی سیاسیدا. توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر. نامەیەکی ماستەرە بڵاونەکراوەتەوە. کۆلێژی ئاداب و زانکۆی سەلاحەددین.
4. قادر، ئەسرین زرار (2006). ڕۆڵی سەنتەری ئافرەتان لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی.توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر. نامەیەکی ماستەرە بڵاونەکراوەتەوە. کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەددین.
5. ملا، فاطمە مراد (2015). گۆڕانی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە پێگەی ژن لە خێزانی کوردیدا. توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری هەولێر. نامەیەکی ماستەرە بڵاونەکراوەتەوە. کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەددین.
6. محمد، شێروان هادی (2017). کاریگەری بەکاربردنی ڕواڵەتی لەسەر پەیوەندییەکانی ناو خێزانی کورد. توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر. نامەیەکی ماستەرە بڵاونەکراوەتەوە. کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەددین.

### ٣-گۆڤار:

1. قەرەداغی، مەهاباد. ماکی زەبر و زەنگ لە عەقڵ و کلتووردا. گۆڤاری شیکار. ژ:سفرِی پاییزی 2012 . هەولێر. وەرگیراوە لە ماستەرنامەی (فاطمة مراد ملا).

### دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان

### أ-کتێب:

1. الحسن، احسان محمد و الاحمد(2005). المدخل الى علم الإجتماع. الطبعة الاولى. دار وائل للنشر. عمان.
2. الحسن، احسان محمد(1999). موسعة علم الإجتماع. دار العربية للمسوعات.:بيروت.
3. الحسن، احسان محمد(2015). النظريات الإجتماعية المتقدمة. الطبعة الثالثة. دار وائل للنشر والتوزيع: عمان.
4. حمزة، مختار(1982). اسس علم النفس الإجتماعي.الطبعة الاولى.جدة- دار البيان العربي: سعوديهة.
5. الدقس، محمد(1987). التغير الإجتماعي بين النضرية و التطبيق. دار مجدلاوي: عمان.
6. الزيباري، طاهر حسو(2006). دور المرات الكردية في المشاركة السياسية. الطبعة الاولى. دار ئاراس للطباعة والنشر: اربيل.
7. عبدالهادي، نبيل(2002). علم الإجتماع التربوي. دار اليازوري للنشر والتوزيع: عمان-الاردن.
8. العزاوي، رحيم يونس كرو(2008). مقدمة في منهج البحث العلمي. دار دجلة: عمان.
9. العمر، معن خليل(2000). معجم علم الإجتماع المعاصر. دار الشروق لنشر والتوزيع: عمان.

10. القصير، عبدالقادر (1999). الاسرة المتغيرة في مجتمع المدنية العربية.دراسة ميدانية في علم الإجتماع الحضري والاسري. الناشر دار النهضة العربية للطباعة والنشر:بيروت.
11. القصير، مليحة عوني و احمد، صبيح عبدالمنعم (1985). علم الاجتماع العائلة. كلية الاداب – جامعة بغداد.
12. ابراش، ابراهيم (2009). المنهج العلمي وتطبيقاته في العلوم الاجتماعية. دار الشروق. عمان-الاردن.
13. عمر، معن خليل (1983). الموضوعية و التحليل في البحث الاجتماعي. دار الافاق الجديدة. بيروت.

**ب-ماستەرنامە عەرەبییەکان:**

- اسماعيل، ريم عبدالوهاب (2020). الوهن الاسري والعوامل المؤثرة فيه. دراسة ميدانية في جامعة الموصل. كلية الاداب. وەرگیراوە لە تێزی دکتۆرای (پاکزاد نەژاد عزیز).
- حمد، عبدالله اسماعيل (2002). دور المؤسسات التربوية في بناء شخصية. دراسة ميدانية في مدينة اربيل. رسالة الماجستير غير منشورة. كلية الآداب في جامعة صلاح الدين.

## سێیەم/سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

**أ-کتێب**

1. Parsons ،T. and E. Shils. (1982). Toward A General Theory of Actions. Harvard University press. Cambridge.

## چوارەم/سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:

دور الاب في حياة الابناء. (2023/1/2).

https://www.oslob-7ayah.com/2023/01/blog-post.html#0

# پاشکۆ

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

کۆلێژی ئاداب/ بەشی کۆمەڵناسی-بەیانیان

**پرسیارنامە**

سڵاو ڕێز .........

ئەو فۆڕمەی لەبەردەستت دایە ئامادەکراوە بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی لە بواری کۆمەڵناسی بەناونیشانی (ڕۆڵی باوک لە خێزانی ئێستادا – توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری هەولێر)، تۆی بەڕێزیش هەڵبژێردراوی بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەم فۆڕمە. بە وەڵامدانەوەت بەهەستێکی لێپرسراوانە و ڕاشکاوانە بۆ سەرجەم بڕگەکانی بەشدار دەبیت لەسەرخستن و دەوڵەمەندکردنی ئەم توێژینەوەیە هاوکاریتان جێگەی سوپاس و پێزانینە.

**تێبینی:-**

١-پێویست بە ناونووسین ناکات.

٢-لەبەرامبەر هەر پرسیارێک سێ وەڵام دانراوە هێمای ( ✔ ) لەم وەڵامەدا دابنێ کە هەڵدەبژێریت.

٣-تکایە هەموو بڕگەکان وەڵام بدەوە بۆ هەر بڕگەیەکیش تەنها یەک وەڵام هەڵبژێرە.

٤-هەموو ئەو زانیاریانەی لەڕێگەی ئەم فۆڕمە کۆدەکرێتەوە بەنهێنی دەمینێتەوە تەنها بەمەبەستی زانستی بەکاردەهێنرێت.

| | |
|---|---|
| **ئامادەکردنی** | **بەسەرپەرشتی** |
| **کالین کامەران صابر** | **م.ی روستم صابر مصطفی** |

زانیاری گشتی:

١-ڕەگەز: نێر (  )   مێ (  )

٢-تەمەن(   )

٣-باری کۆمەڵایەتی: خێزاندار (  )   سەڵت (  )   جیابۆتەوە (  )   هاوسەر مردوو (  )

٤-ئاستی خوێندەواری: بنەڕەتی (  )   ئامادەیی (  )   پەیمانگا (  )   بەکالۆریۆس (  )

٥-باری ئابووری: باش (  )   ناوەند (  )   خراپ (  )

٦-جۆری نیشتەجێبوون: کرێ (  )   موڵک (  )

**پرسیارە تایبەتییەکان**

| ژمارە | بڕگەکان | بەڵێ | تاڕادەیەک | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| ١. | ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بە ئاشکرا بانگەشە بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵ و بەرپرسیارەتی باوک دەکەن. | | | |
| ٢. | هەردەم پێویستە باوک چاودێری و بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بێت. | | | |
| ٣. | باوک توانیویەتی پەیوەندی هاوڕێیانە لەگەڵ منداڵەکانی دروست بکات | | | |
| ٤. | باوک کاریگەری هەیە لەسەر هەڵبژاردنی هاوڕێ لای منداڵەکانی. | | | |
| ٥. | بەهۆی کاریگەرییەکانی سیسیتەمی سەرمایەداری و بەکاڵابوونی شتەکان بەهای  خێزان لاواز بووە و دەسەڵاتی باوکی کەمکردۆتەوە. | | | |
| ٦. | باوک کاتی دیاریکراوی تەرخانکردووە بۆ گوێگرتن لە کێشە و گرفتی منداڵەکانی. | | | |
| ٧. | بەهۆی کاریگەرییەکانی جیهانگیری لەم سەردەمەدا ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیەکانی باوک گۆڕانی بەسەرداهاتووە. | | | |
| ٨. | دەسەڵاتی دایک بۆتە هۆکار بۆ کەمبوونەوەی ڕۆڵی باوک. | | | |
| ٩. | دایک و باوک وەکو یەک مافیان لە خێزاندا هەیە. | | | |
| ١٠. | دایک کارەکتەری سەرەکییە لە پەروەردەکردنی منداڵ. | | | |
| ١١. | دایک هۆکارێکە بۆ بەرزڕاگرتنی ڕۆڵی باوک. | | | |
| ١٢. | لە خێزانی ئێستادا باوکسالاری ڕێژەی کەمبۆتەوە. | | | |
| ١٣. | باوک چاودێرە بەسەر بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵەکانی. | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| .١٤ | دراما دۆبلاژكراوه بیانییەكان كاریگەرییان هەبووە لەسەر لاوازبوونی شكۆی خێزان و پێگەی باوك. | | | |
| .١٥ | سۆشیال میدیاكان چاودێری و پەروەردەكردنی دایك و باوكانیان كەم كردۆتەوە. | | | |
| .١٦ | ئامێر و ئامرازەكانی ڕاگەیاندن كاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر پێگەیاندن و پەروەردەكردنی منداڵ. | | | |
| .١٧ | سەر قاڵبوونی باوك بە كاروباری دەرەوە بەدەستهێنانی بژێوی ژیان ڕۆڵی باوكی لە پەروەردەكردنی منداڵ لاوزكردووە. | | | |
| .١٨ | چاودێری و پەروەردەكردنی منداڵ تەنیا لە ئەستۆی باوكە. | | | |
| .١٩ | باوك لە پەرودەكردنی منداڵ پەنا دەباتە بەر لێدان. | | | |
| .٢٠ | باوك لە پەروەردەكردنی منداڵ باشترە. | | | |
| .٢١ | لەسەر شێوازی پەروەردەكردنی منداڵ منداڵەكان دەمەقاڵێ كەوتۆتە نێوان دایك و باوك | | | |
| .٢٢ | باوك ڕێگا بە كچەكانی دەدات وەك كوڕەكانی تا لەگەڵ هاوڕێكانی بچێتە  دەرەوە | | | |
| .٢٣ | پەیوەندی نێوان باوك و كچ لە خێزان دا زۆر بەهێزە | | | |
| .٢٤ | پەیوەندی نێوان باوك و كوڕ لە خێزان دا بەهێزترە | | | |
| .٢٥ | باوك جیاوازی دەكات لەنێوان ڕەگەزی منداڵەكانی | | | |